فایلی

# شانۆی
# هەولێر

## شانۆی هەولێر

**٭ هەڵوەستەیەک لەسەر شانۆی هەولێر.. لە سەرهەڵدانەوە تا ڕاپەڕین**

حەمەسوار عەزیز

**٭ شانۆی سیاسی لە هەولێرو و ئاسەوارە ساردو گەرمەکانی بە سەر شانۆی کوردیدا**

حەیدەر عەبدولڕەحمان

**٭ کاریگەری پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلێژی هونەر لەسەر رەوشی شانۆ لە هەولێر**

مەهدی حەسەن

**٭ کاریگەری شانۆی ئەبسێرد لەسەر شانۆکارانی هەولێر**

نیهاد جامی

**٭ هۆڵە شانۆییەکانی هەولێر.. مێژوو و بەسەرهات**

مەسعودی مەلا هەمزە

**٭ تیپ و گروپە شانۆییەکانی هەولێر**

شانۆی هەولێر

**٭ شانۆکارانی هەولێر لەبەردەم ئاستەنگەکانی شانۆدا**

شانۆی هەولێر

**٭ چۆن لەگەڵ شانۆ ئاشنا بووم ؟!**

خەلیل یابە کەریم





# هەڵوەستەیەک لەسەر شانۆی هەولێر..
# لە سەرهەڵدانەوە تا ڕاپەڕین



**حەمەسوار عەزیز**

ئەگەر کارێکی تەندروست بێت مێژووی سەرهەڵدان و کارکردنی شانۆیی بەسەر چەند قۆناغێک دابەش بکەین، دەبێ لەم کارەماندا ڕەچاوی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە بکەین کە پەیوەستن بە مەعریفەتی شانۆو هەنگاوەکانی ئاشنابوونی شانۆکاری کورد بە بنەما زانستیی و جوانکارییەکانی ئەم هونەرە.
ئەگەر راست بێت شانۆ لە شارێکی وەک هەولێر لە کۆتایی بیستەکان یا سەرەتاو ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدابێت و لێرەو لەوێ نمایشی شانۆیی سەرەتایی و سادەو ساکار پێشکەش کرابێت، ئەوە دەکرێت ئەو قۆناغە بە سەرەتای ئاشنابوون و سەرەتاتکێی هەولێر بێت لەگەڵ هونەری شانۆ، مەرجیش نییە ئەو کەسانەی کە هەنگاوی سەرەتاییان نابێت بۆ گواستنەوەی ئەم هونەرە بۆ هەولێر بە شانۆکار یا هونەرمەند پێناسە بکەین، چونکە بە پلەی یەکەم ئەوانە خەڵکی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەربوون وهەوڵیانداوە لە ڕێگەی ناساندنی شانۆ بە میللەتەکەمان دەروازەیەکی تر بۆ کاری سیاسی و کلتووری و کۆمەڵایەتی بدۆزنەوەو شانۆش وەک فاکتەرێکی تر کە لەلایەن ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە کاری لەسەر دەکرێت بۆ باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕووناکبیری کوردی و هەوڵدانێکی تر بێت لەنێو جومگە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەو کاتە بۆ تەوزیفکردنی شانۆ وەک چەمکێکی گواستنەوەی مەعریفەو زانین بۆ بینەرو بەتایبەتیش قوتابی و خوێندکاران کە لەو سەردەمەدا چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا نەوەیەکی نوێ بە بیرکردنەوە و مەعریفەیەکی نوێیەوە لەباوەشی ئەو توێژە بێتە کایەوە کە بە توێژی خوێندەواران دەناسرایەوە.
بەدرێژایی ئەو قۆناغە کە خۆی لە چڵ ساڵ دەدات و لە سەرەتای سییەکان دەستپێدەکات و لە کۆتایی شەستەکان بە کۆتا دێت، شانۆ وەک هونەرێکی خاوەن بنەماو مەعریفەو زانستێکی جوانکاری نەیتوانیوە پایە مەعریفی و جوانکارییەکانی خۆی بچەسپێنێ و لە فاکتەرەوە بگۆڕێت بە مەبەست و ئامانج.
ئەمەش کۆمەڵێ هۆکاری زۆری هەیە لەسەرووی هەموویانەوە نەبوونی مەعریفەی ڕاست و دروست بە بنەماو قۆناغ و قوتابخانەو میتۆدەکانی کاری شانۆیی بە درێژایی مێژووی پڕ شکۆمەندی ئەم هونەرە، ئەمە جگە لە بەردەست نەبوونی سەرچاوەی مەعریفی ناسینی شانۆ بۆ ئەو کەسانەی کە لەم بوارە کاریان دەکردو هەوڵیاندەدا شانۆ وەک سیمایەکی تری پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەکاربهێنرێت و ببێتە دەروازەیەکی تری قسەکردن لەسەر کێشەو ئاریشەکانی کۆمەڵگای کوردی لە پاڵ شیعرو چیرۆک و موزیک و...تاد.
ئەمە وایکرد کە لەم قۆناغەدا شانۆ بە کۆمەڵێک بۆنەو ساتەوەختی نەتەوەیی و نیشتمانی ببەسترێتەوەو نەتوانێت بەسەر ئەو دیوارە ئەستوورەدا بازبدات کە لەنێوان ئەم هونەرەو خەڵکی ئاساییدا هەبوو، بۆیە ئەو کەسانەی کە کارییان لەشانۆ دەکردو تەنانەت بینەری شانۆش لەو کەسانە پێکدەهات کە بە چینی خوێندەوار دەناسرانەوە کە ئەوانیش بریتیبوون لە مامۆستاو خوێندکار بە پلەی یەکەم و ئەمە جگە لەو خەڵکانەی کە لە جومگە مەعریفیی و هونەری و ئەدەبییەکانی تر کاریان دەکرد وەک ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسان.
ئەم هێڵەی دوایی کە شانۆ هەوڵیدا خۆی لەناو بدۆزێتەوەو ببێتە بەشێکی کارا تیاییدا هێڵی دووەمی مەعریفەی کۆمەڵگای کوردی بوو، چونکە هێڵی یەکەمی مەعریفەی کۆمەڵگای کوردی لەو کاتەدا لە مەعریفەی مزگەوت

ڕەنگیدەدایەوە کە ئەمەیان هێڵی بەهێزی وەرگرتنی مەعریفە بوو لەو سەردەمانەدا و هەموو چەمکەکانی تری مەعریفەی ئەدەب و هونەر بە هێڵی دووەم دەناسران و کە قورسایییەکی کەمتریان هەبوو لەنێو خەڵکی ڕەش و رووتی ئەو سەردەمەو زیاتر بە هێلی بژاردە "نوخبە" دەناسراو زۆرینەی خەڵک ئاشنایەتیان بەم هێڵە لاواز بوو لە کاتێکدا ئامادەگی هێڵی یەکەم کە مەعریفەی مزگەوت بوو پانتاییەکی زۆر بەهێزی هەبوو.
بۆیە کێماسییەکی گەورەی ئەم قۆناغە ئەوەبوو کە شانۆ نەیتوانی خۆی لە شوێن ڕزگار بکات و کۆت و بەندی جوگرافیا بشکێنێ و بتوانێت شانۆ لە نێو قوتابخانەو سەکۆی بنەماڵە رۆشنبیرو دەوڵەمەندەکان بگوازێتەوە بۆ شوێنە گشتییەکان کە خەڵکی ئاسایی تیاییدا کۆدەبنەوە وەک چایخانەو بازاڕ و تەکیەو خانەقاکان، کە ئەو کاتە زۆرینەی خەڵک موریدی ئەو شوێنانە بوون و جوگرافیای کاری شانۆییش لە دەرەوەی ئەم شوێنانە مایەوە، بەهەمان شێوەش لە ڕووی کاتەوە شانۆ نەیتوانی خۆی لە سنووربەندی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بباتە دەرەوەو کاتی زیاتر لەنێو جوگرافیایەکی گەورەتر بۆ خۆی دابین بکات، ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەو کاتە ئینتیمای نەتەوەیی زۆر لاوازتر بوو لە ئینتمای عەشیرەت و خێڵ، بۆیە زۆرێک لە خەڵکی ئاسایی ئەوەندە پەرۆشی ئامادەبوون نەبوون لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە قەد ئەوەی ئامادە بوونیان هەبوو لە بۆنەو سرووتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک حەڵقەی زیکرو بووک گواستنەوەو بەزمی شەوانەی دیوەخان و ماڵان.
گەورەترین ئاریشەی ئەو قۆناغەش ئەوەبوو کە شانۆ لە کوردستان بەزمانێکی تر پێشکەش دەکرا ئەویش زمانی عەرەبی بوو، بۆیە شانۆ لەم قۆناغە جگە لە هەوڵدان بۆ ناساندنی خۆی



نەیتوانی پانتاییەکی فراوانتر لە جوگرافیای بایەخدانی تاکی کورد بەو هونەرە بخولقێنێت و جارێکی تر چەمکە ژیارییەکانی خۆی تیادا تەوزیف بکاتەوە.
قۆناغی دووەمی شانۆ پاش پەرەسەندنی مەعریفەی شانۆو ناسینی هونەری شانۆ بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان دەست پێ دەکات، ئەم قۆناغەش پاش ئەوەی کۆمەڵێک قوتابی کورد لە ئەکادیمیاو پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دەرەوەی هەرێم دەخوێنن و بە مەعریفەیەکی ئەکادیمی دەگەڕێنەوە کوردستان و هەوڵدەدەن ئەم مەعریفەو دیدگاییە نوێیە لە کاری شانۆیی تەوزیف بکەن، بە تایبەتیش دوای ئەوەی شانۆ لە گۆڕەپان و دالانی قوتابخانەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو هۆڵی شانۆیی، ئەمە وادەکات سەرەتایەکی تازەی کارکردنی شانۆ لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بە تایبەتی دەست پێ بکات و لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی گۆڕانکاری گەورە بەسەر کارکردنی شانۆییدا دێت، ئەمە جگە لەوەی شانۆ لە باوەشی خەڵکی خوێندەوارو ڕووناکبیرەوە دەگوزارێتەوە بۆ لای خەڵکی تایبەتمەند و پسپۆر کە بەشێوەیەکی زانستی هونەری شانۆییان خوێندووە، بۆیە بە بڕوای من دەتوانین لەم قۆناغەدا بەو خەڵکە تازەیەی کە خەریکی کاری شانۆیی بوون لە قۆناغی دووەمی کاری شانۆیی لە هەولێر بووترێت "شانۆکار"، بە واتای ئەو کەسانەی کە لەڕووی پیشەیی و مەعریفەیەکی زانستییەوە کار لە شانۆ دەکەن و شانۆ لە چەمکێکی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دەگۆڕن بە هونەرێک کە پشت بە بنەمای زانستی و سیمای جوانکاری و پێگەی ئەکادیمی دەبەستێت.
دەبینین لەم قۆناغەدا بینەری شانۆییش لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت و خەڵکی تازەو چین و توێژی تازە بە شانۆ ئاشنا دەبن، ئەمە جگە لەوەی لەم قۆناغەدا دوو پایەی گرنگی شانۆ بەشێوەیەکی بەرچاو دروست دەبێت ئەوانیش پەیدابوونی تیپە شانۆییەکان و دەرکەوتنی نووسەری شانۆی خۆماڵییە.
دەرکەوتنی تیپە شانۆییەکان هۆکارێکی ڕاستەقینە بوو بۆ گەڕاندنەوەی شانۆ بۆ رەوتی پسپۆری و دەربازبوونی لە شوێن و زەمەنی پێشووی، شانۆ لە رێگەی ئەم تیپە شانۆییانە هەوڵیدا شوێن و زەمەنی تازە بدۆزێتەوەو خۆی لە باوەشی شوێن و زەمەنی کۆن ڕزگار بکات کە شانۆ وەک فاکتەرێکی سادە مامەڵەی پێدەکراو لەلایەن کەسانی ناپسپۆرەوە کاری تیا دەکراو بینەرێکی دیاریکراوو تایبەتیش هەبوو.
بێگومان دەرەنجامی ئەم

هەنگاوەش ئەوەبوو کە شانۆ لە فاکتەرەوە بگوازرێتەوە بۆ مەبەست و ئامانج و زەمەن و شوێنی تایبەت بە خۆی لە دەرەوەی بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بدۆزێتەوەو بینەری تایبەت بەخۆی دروست بکات، ئەمەش وایکرد شانۆ لە قۆناغی پاشکۆیەتی بۆ کایە مەعریفییەکان بگوازێتەوە بۆ پێگەیەکی مەعریفی تایبەت بەخۆی و کاریگەری خۆی لە دەرەوەی چەمکەکانی پێشوو بەسەر بینەردا بچەسپێنێ، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەبوو ئەو تیپانە بەڕێوەچوونی کاری شانۆییان ئاسانتر کرد، بەحوکمی ئەوەی شانۆ هونەرێکە لە دروستکردنیدا پشت بە کۆمەڵێک کەس دەبەستێت و ئەمە وایکرد بوونی ئەم تیپانە پێداویستی باشتر بۆ دروستکردنی نمایشی شانۆیی دروست بکەن و لەوەش زیاتر جۆرێک لە تایبەتمەندی لە کارە هونەرییەکانی شانۆ وەک دیکۆر و جلوبەرگ و رووناکی و ئیکسسوارو موزیک دروست ببێت ئەگەرچی بوونی ئەم پسپۆڕییانە لە قۆناغی سەرەتایی بوو، بەڵام کاریگەری باشی هەبوو لەسەر ڕێکخستنی کاری شانۆیی.

فاکتەری دووەمی جێگیربوونی شانۆ وەک هونەرێک پەیدابوونی نووسەری شانۆیی خۆماڵی بوو، دەبێ ئەوە بووترێت کە لە قۆناغی پێشوو دوو جۆر تێکست وەک شانۆ کاریان تێدادەکرا، تێکستی یەکەم کۆمەڵە تێکستێکی کوردی بوون کە تایبەت بۆ بۆنەکان نووسرابوونەوە تیایدا ڕووداوێکی مێژوویی بەتەکنیکی سادەو لاواز نمایشدەکراو هەموو ساڵێک لە بۆنەکان دووبارە دەبوونەوە، بینەر هەموو تێکستەکەو چیرۆکەکەشی دەرخ کردبوو، بەڵام دەبووایە وەک سروتێکی نەتەوەیی ساڵانە دووبارە بێتەوە.

جۆرێکی تری تێکستی کوردی ئەو تێکستانە بوون کە بۆ وشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوە بەکار دەهاتن وەک ئەو تێکستانەی کە بۆ هاندانی خەڵک بۆ خوێندن و کەمکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان بەکار دەهات یا لە باشترین حاڵەتدا گێرانەوەیەکی سادەی داستانە میللییەکان بوو.

ئەوەی لەم تێکستانە زۆر بە زەقی دەبینرا سادەو ساکاری بوو، بەشێوەیەک ئەم تێکستانە لە زۆرینەی بنەماکانی تێکستی شانۆیی بەدەر بوون و هیچ تەکنیکێکی شانۆیی تیایدا بەدینەدەکراو هەمیشە مەبەست لە نووسینەوەی تێکستەکە گەیاندنی بابەت و ناوەڕۆک بوو، بۆیە بایەخ بەشێوازی نووسین و تۆکمەیی و وردەکاری شانۆیی نەدەدرا، چونکە وەک ئیشارەتمان پێکرد مەعریفەی شانۆیی زۆر لاواز بوو و سەرچاوەکانی ناسین و خوێندنی شانۆش زۆر دەگمەن بوون.

جۆری دووەم ئەو تێکستە شانۆییە بیانییانە بوون کە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێردرابوون، ئەو تێکستانە ئەگەرچی زۆرینەیان تێکستی جیهانی بوون بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەوانەی کاریان لەشانۆ دەکرد دەرەقەتی نمایشکردنی ئەم تێکستانە نەدەهاتن و بەهۆی نەبوونی مەعریفەی شانۆیی و پێداویستی گونجاویشیان لە هۆڵ و جلوبەرگ و رووناکی و ئیکسسوارو توانای هونەری و ماددییان لەبەر دەستدا نەبوو ئەم تێکستانەش نەیانتوانی کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت لە پێگەیاندن و دروستکردنی هونەری شانۆ لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی و زانستی کە پشت بە جوانکاری و پەیامی مرۆڤایەتی ببەستێت.

بۆیە دەرکەوتنی نووسەری شانۆیی لە پاڵ دەرهێنەری ئەکادیمی خزمەتێکی گەورەی بە ڕەوشی بە ئەکادیمبوونی شانۆ کرد لە کوردستان بەگشتی و هەولێر بە تایبەتی.

نووسەری شانۆیی توانی بەنێو کێشە کۆمەڵایەتیی و سیاسی و کلتوورییەکانی تاک و کۆمەڵگای کوردیدا شۆڕبێتەوەو کۆمەڵێک تێکستی شانۆیی بنووسێتەوە کە دەرهاوێشتەی کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا بێت و



هەوڵیش بدات لە ڕێگەی کۆتایی شانۆییەکان چارەسەرو ڕێنمایی بۆ دەرباز بوون لەو کێشەو ئاریشانە دروست بکات، ئەمەش وایکرد کە پەیوەندی نێوان بینەرو شانۆ پەیوەندییەکی پتەوتر بێت و بینەری تازە ڕوو لە شانۆ بکات و شانۆش بتوانێت لە زەمەنێکی فراوانتر و لە جوگرافیایەکی بەربڵاوتر خۆی بە بینەر بناسێنێت.

فاکتەرێکی تری بە ئەکادیمی بوونی شانۆ لەم قۆناغە کاریگەری ڕۆڵی دەرهێنەر بوو لە نمایشی شانۆیی، ئەگەر لە قۆناغی پێشوودا دەرهێنەر نەبووبێت یا هەبووبێت ئەوە ڕۆڵ و کاریگەری لەوە زیاتر نەبووە کە سەرتەختەی شانۆ ڕێکبخات و ئەکتەرەکان ڕێکبخات لەڕووی هاتن و ڕۆیشتن و دابەش بوون لەسەر تەختەی شانۆ بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بنەماکانی میزانسین و جوگرافیای شانۆو پێکهاتەی شانۆیی بکرێت، بەڵام لەم قۆناغەدا ئەرک و کاریگەری دەرهێنەر زیاتر پەرەی سەندو ڕۆڵی دەرهێنەر لە ڕێکخەرەوە



گۆڕا بۆ شیکەرەوەو ڕێکخستنێکی هونەری و جوانکاری لەسەر شانۆ، ئەمەش وایکرد کە کار لەسەر بنەماکانی میزانسین و پێکهاتەو جوگرافیای شانۆ بکرێت و جووڵەی ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی وردو دیراسەکراو ڕێکبخرێت و جۆرە ڕێکخستنێکی پڕ جوانکاری لەسەر تەختەی شانۆو بە نمایشی شانۆییەوە ببینرێت.

لەگەڵ هەموو لایەنە ئەرێنی و ئیجابییەکانی ئەم قۆناغە دەکرێت باس لەوە بکەین کە ئەم دەیەیە قۆناغی چەسپاندنی بنەما سەرەتاییەکانی کاری شانۆیی بوو لە کوردستان و زۆرینەی ئەو نمایشە شانۆییانەی کە لە کوردستان بەگشتی و لە هەولێر بەتایبەتی پێشکەش دەکران زیاتر مۆرکی لاساییکردنەوەی شانۆی عێراقی پێوە دیاربوو و شانۆی کوردی نەیتوانی هزری تایبەت بەخۆی بینا بکات و هەوڵبدات خۆی لەم پاشکۆیەتییە ڕزگار بکات و فەزایەکی ترازاو لە شانۆی عێراقی بۆ خۆی بدۆزێتەوەو نووسەرو دەرهێنەرەکان بەشێوەیەکی داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ داستان و ئەفسانەو مێژووی نەتەوەکەمان بکەن و بتوانن لە فەزای نمایشەکانیان تەوزیفی بکەن، چونکە لەم قۆناغەدا ئەگەرچی کاری دەرهێنان ڕێچکەیەکی هونەری و ئەکادیمی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ڕۆڵی دەرهێنەر لەوە دەرباز نەبوو کە شیکەرەوەی تێکست بێت و واقیعە شانۆییەکە نەیتوانی دەرهێنەری داهێنەر دروست بکات کە بتوانێ دیدگایەیکی تایبەت بەخۆی لەسەر دیدگای نووسەر دروست بکات. دەرهێنەری شانۆ بەشێوەیەکی گشتی نەیتوانی بەسەر ئەو بنەما سەرەتاییانە بازبدات کە خۆی بۆ شانۆی کوردی دروستکردی کردبوو.

تێکستە شانۆییەکانیش قودسیەت و پیرۆزییەکی زۆرییان هەبوو بەشێوەیێک کە زۆرێک لە دەرهێنەرانی کورد بەتایبەتی لە هەولێر زاتی ئەوە ناکەن کە دیدگای تازەو جیاواز لە دیدگای نووسەرەکان بدۆزنەوەو دروستی بکەن و نمایشی شانۆیی نەبێتە وەرگێڕانی تێکستی شانۆیی لە وشەی نووسراو بۆ دیمەنی بینراو، بۆیە بە بینینی من دەرهێنەری کورد لەم قۆناغە پێویستی بە جورئەت و بوێری زیاتر هەبووە تا خۆی لە کاریگەری نووسەرو قودسیەتی تێکست دەرباز بکات. ئەمە جگە لەوەی سوود وەرگرتنی نووسەرانی شانۆ لە مێژوو و پاشخانی کلتووری میللەتی کورد سوود وەرگرتنێکی سەرەتایی بوو، نەتوانرا بەشێوەیەک تەوزیف بکرێت کە تایبەتمەندی بە شانۆی کوردی ببەخشێت، دەبینین زۆرێک لە شانۆکارانمان ناتوانن بەشێوەیەکی گونجاو داستان و ئەفسانەو حیکایەتە کوردییەکان بە فەزایەکی کوردی لەنێو نمایشەکانیان تەوزیف بکەن، تا شانۆکارێکی عێراقی وەک قاسم محەمەد ئەو کارە دەکات، لێرەدا ڕەنگە تێکستە شانۆییەکانی تەلعەت سامان تایبەتمەندی خۆیان هەبوو بێت و توانیبێتی خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە بۆ ئەو داستان و حیکایەتە کوردییانە بکات کە کاری تێداکردوون، مامۆستا هەوڵدەدات بیناکردنی تێکستەکەی جیاوازبێت لەگەل ئەو سەردە مێژووییەی کە خودی داستان و ئەفسانەکە تیاییدا لە دایکبووە نمونەش بۆ ئەمە شانۆنامەی "خانزادێکی تر"ە کە تەلعەت سامان تیاییدا هەموو ئەو دیدگا باوانە ئاوەژوو دەکاتەوە دەست بۆ کارێک دەبات کە ڕەنگە لەو سەردەمە پێویستی بە بوێری زۆر هەبووبێت تا داستان و پاڵەوانێتی کارەکتەرێکی وەک خانزادی سۆران ئاوەژوو بکاتەوەو پەشیمانی بکاتەوە لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەشکری خۆشەویستی لەناوبردووە.

لایەنی تیۆریش لە شانۆی کوردی لەم قۆناغەدا لایەنێکی زۆر لاوازەو زۆرینەی ئەوانەی لە شانۆ کاریان کردووە بەتایبەتی ئەوانەی وەک ئەکتەر کاریانکردووە کەسانی هاوی بوون و تەنها وەک حەزو ئارەزوو کاریان لە شانۆ کردووە بێ ئەوەی پاشخانێکی مەعریفییان هەبێت لەسەر کاری شانۆیی. ئەمە جگە لەوەی کە توێژینەوەو ڕەخنەی شانۆیی لە قۆناغێکی زۆر لاوازدا بووەو بەدەگمەن نەبێت نمایشە شانۆییەکان توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلیان لەسەر نەکراوەو شانۆ زیاتر لە خزمەت پەیامە کۆمەڵایەتییەکەی تەوزیفکراوە.

ڕەنگە ئەم لێکدانەوەیە بۆ هەموو شارەکانی کوردستان وەک یەک دروست نەبێت بۆیە دیدگاکانی من زیاترە تایبەتە بە شرۆڤەکردنی بەندە بۆ ڕەوشی شانۆ لە هەولێر بەشێوەیەکی تایبەت.

لەرووی نواندنەوە لەم قۆناغە کۆمەڵێک ئەکتەری باش دەرکەوتن کە زۆرینەیان لەسەر دەستی ئەو دەرهێنەرە ناسراوانەی هەولێر دروستکران، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی زۆرێک لەو ئەکتەرانە سەرچاوەی مەعریفەتیان لە شانۆ تەنها ئەو دەرهێنەرانە بوون کە کاریان لەگەڵ دەکردن و خۆیان هەوڵیان نەدا لە دەرەوەی مەعریفەت و دیدگای ئەو دەرهێنەرانە بەدوای خۆیاندا بگەڕێن و هەمیشە تەسلیمی قەدەری دەستی ئەو دەرهێنەرانە نەبن، بۆیە زۆرێک لەو ئەکتەرانە لە فۆرمێکی تایبەتی قاڵبیان وەرگرت و وەکو دەموچاو و جەستەیەکی ئامادە هەمیشە بەرگی خۆیان لەبەر ئەو کارەکتەرانە دەکرد کە ئەدای دەکردن، ئەمەش وایکرد ئەوەندەی ئەکتەرەکان لەسەر

شانۆ ببنرێن و دووباره ببنەوه کارەکتەر نەبینرێت و فەرامۆش بکرێت و بەشێک لەو ئەکتەرانە تا رۆژگاری ئەمڕۆش لە هەمان قالب و فۆرم ماونەتەوەو نەیانتوانیوه دایکەنن.

ئەم قۆناغە ئەگەرچی ماوەیەکی زەمەنی زۆری نەبوو لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان بە پشت بەستن بەو قۆناغەو هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێک دەرهاوێشتەی تر قۆناغێکی تر هاتەپێشەوه کە زۆرێک لە شانۆکارانی ئەو سەردەمە بە سەردەمی زێرینی ناو دەبەن ئەویش دەیەی هەشتاکانی شانۆی کوردی کە تا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی 1991 بەردەوام بوو.

ڕەنگە ئەم دەیەیە جیاوازترین ماوەی زەمەنی بێت لە مێژووی شانۆی کوردی کە زۆرترین قسەی لەسەر کراوە، ئەمەش بەو هۆیەی کە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک دەرهاوێشتەی تازە لە شانۆی کوردیدا دەردەکەوێت کە زۆرێک لەمانە بۆ ئەو سەردەمە بە ئیجابی و ئەرێنی دەکەوێتەوە.

یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی جیاوازی ئەم ماوەیە دامەزراندنی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بوو لە شاری سلێمانی، ئەم پەیمانگەیە توانی لە ماوەیەکی زەمەنی کورتتدا ببێتە بنکەیەکی گەورەی پێگەیاندنی شانۆکار لە کوردستان و توانی کۆمەڵێک شانۆکار بەدیدگاو روئیای تازەوە بخاتە نێو گۆرەپانی شانۆی کوردی و کاری شانۆیی تا ڕادەیەک لەو سەلەفیەتە بترازێنێت کە لەو کاتەدا شانۆی کلاسیک و واقیعی پیرۆزی و قودسیەتێکی ڕەهایان هەبوو، ژمارەیەکی زۆر کەم لە شانۆکاران نەبێت زاتی ئەوەیان نەبوو لەو بازنەیە بترازێن و بەدوای فۆرمی تازەدا بگەڕێن بۆ شانۆ.

لەلایەکی تر شانۆی عێراقی لەو کاتەدا بە قۆناغێکی گەشەسەندن و نوێبوونەوەدا تێدەپەڕی و چەندین میتۆدو دیدگای تازە هاتنە نێو کاری شانۆ لە عێراق کە ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییان بەسەر شانۆی کوردی هەبوو، کە هەندێک پێیانوایە ئەم ئەزموونانە بە کۆپیکراوی دەگوازرانەوە کوردستان و هەندێکی تریش پێیان وابوو تەنها سوودوەرگرتن بوو لەو ئەزموونە شانۆییانەی کە لە ئەوروپاوە بۆ شانۆی عێراقی دەگوازرانەوە.

ئەگەر ئەم کاریگەرییەی شانۆی عێراقی بەسەر شانۆی کوردی بە هەر یەکێک لەم دوو ڕێگایە بێت ئەوە بێگومان کاردانەوەی جۆراوجۆری لەنێوەندی شانۆی کوردی دروستکردو بەرهەمی ئەمەش دروستکردنی چەندین نمایشی شانۆیی بوو وەک شانۆییەکانی (غۆرێلا و لەچاوەڕوانی سیامەندو ماراساد و نالی و خەونێکی ئەرخەوانی و شێتەکانی ئەم رۆژگارە) و چەندین نمایشی شانۆیی تر کە قسەو باسی زۆریان لەسەر کرا، بەتایبەتیش نمایشی "لە چاوەڕوانی سیامەند" کە لە ئامادەکردنی شەماڵ عومەرو نواندن و دەرهێنانی هەردوو خانمە ئەکتەر (نیگار حەسیب و میدیا ڕەووف) بوو، لەو کاتانەش بیرم نایەت هیچ نمایشێکی شانۆیی بەقەد ئەو نمایشە قسەی لەسەر کرابێت و وتارو لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسرابێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو ماوەیەدا شانۆکارانی شاری سلێمانی بە تایبەت دەکەونە ژێر ئەم کاریگەرییەی شانۆی عێراقی و هەر لە دەرەنجامی ئەمەشدا چەند ئاراستەیەکی کارکردن لە سلێمانی بەناوی شانۆی ئەزموونگەری و شانۆی ئاهەنگسازی دروست دەبێت، کە دواتر ئەم کاریگەرییە لە خودی شاری سلێمانییەوە دەگوازرێتەوه بۆ هەولێرو شارەکانی تر، لە هەولێر تیپی شانۆی ئەزموونگەری لە ژێر کاریگەری گروپە ئەزموونکارەکانی سلێمانی دادەمەزرێت، ئەوە جگە لەوەی لە پانتاییەکی بچووکتر هەوڵدەدرێت لەژێر کاریگەری شانۆی



ئاهەنگسازی کە لە سلێمانی سەریهەڵدا، نمایشی شانۆیی دروستبکرێت وەک شانۆگەری "هاوارێک لە حاجی قادری کۆیی" کە ساڵی 1989 لە دەرهێنانی سەعدون یونس لە هەولێر پێشکەش کرا.

لە دەیەی هەشتاکان لە هەولێر زیاتر هەوڵدەدرێت کار لە داستان و ئەفسانەو چیرۆکە کوردییەکان بکرێت و لە شانۆ سوودیان لێوەربگیرێت، بە تایبەتیش ئەو داستانانەی کە بەشێوەی لاوک لە لایەن لاوکبێژەکانەوە تۆمارکرابوون لەسەر کاسێت و لەنێو خەڵک زۆر باو بوون، وەک داستانەکانی ( خەج و سیامەند، لاس و خەزاڵ، محەمەد و سێوێ و سوورمەخان) و چەندانی تر، ئەمە جگە لە هەوڵدان بۆ کارکردن لە رۆمان و ئەفسانەکان، وەک قەڵای دمدم کە لە لایەن هەردوو هونەرمەند تەڵعەت سامان و سەعدون یونس پێشکەشکرا، یا

رۆمانەکانی یەشار کەمال وەک حـەمـەدۆک و ئەفسانەی چیای ئاگری کە هونـەرمـەند تەڵعەت سامان کاری تیادا کردن.

ئـــەوەی تێبینی دەکـرێـت لـەم ماوەیەدا کارکردن لە داستان و ئەفسانە کوردییەکان کارکردنێکی داهێنەرانە نەبوو، جێگەی داخە زۆرینەی جار نمایشە شانۆییەکان لـە کۆپیکردنێکی زۆر سـادەی لاوک و داستانەکان دەچوون و دەرهێنەرانی هەولێر نەیانتوانی لـەنێو ئـەم داسـتـان و لاوکـانـە فەزایەکی کوردی بدۆزنەوەو لەنێو نمایشەکان تەوزیفی بکەن، ئەوان زیاتر بایەخیان بە گواستنەوەی ناوەڕۆک دەدا بێ ئەوەی بایەخ بە دروستکردن و خوڵقاندنی فۆرم بدەن، بۆیە نمایشەکان لەرووی فۆرمەوە زۆر هەژارو لاواز بوون و هیچ جۆرە دیدگایەگی جوانکاری و داڕشـتـنـەوەی مـەعـریـفی بە نمایشەکانەوە نەدەبینرا، ئەمەش وایـکـرد نمایشەکان ئـەوەنـدەی نـمـایـشی خـتـوکـەدانـی سـۆزو عاتیفەی خەڵک بن ئەوەندە کاری هونەری جیاواز نەبن کە بتوانێت کـاریـگـەری بـەسـەر تێگەیشتنە تەقلیدیەکەی شانۆوە هەبێت و شانۆ لەو دووبارە بوونەوە دەرباز بکات کە خەریکبوو شانۆی لە هەولێر بەرەو چەقبەستن دەبرد.

لـە دەرەنـجـامـی ئـەوە دەبـووایـە گەنجەکان بەسەر ئەو واقیعەدا هەڵبگەڕێنەوەو هـەوڵـبدەن ئەم چەقبەستنە تێکبشکێنن، بۆیە گـوتـاری شانۆی ئەزموونگەری لە عێراق بە گشتی و لە سلێمانی بەتایبەتی سەدایەکی زۆری لای شـانـۆکـارە گەنجەکانی هەولێر دروسـتـکـرد، ئـەمـەش وایـکـرد چەند گروپێک هەوڵبدات کار بەم ستایلە بکات کە ئەو کاتە زیاتر وەک مۆدیل کاری لەسەر دەکرا لەبڕی ئەوەی وەک مەعریفەیەکی شانۆیی و دیدگایەکی رۆشـەن تەوزیف بکرێت.

بـە بینینی مـن وەک بینەرێکی شانۆیی لـەو کـاتـەدا یەکێک لەو نـمـایـشـە شـانـۆیـیـانـەی هـەولـێر کـە تـوانـی ئـاوێـتـەیـەک لـەنـێوان فـۆرم و بابـەت دروسـت بکات و هەوڵیدابێت تێگەیشتنێکی تازەتر بـە کــردەی نـمـایـش ببەخشێت شانۆگەری " شاری ئەوین" بوو، ئـەم شانۆگەرییە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند (تەڵعەت سامان)، لەنێوەڕاستی هەشتاکان لەهەولێرنمایشکراوکاریگەرییەکی ئەرێنی لەنێو شانۆکاران و بینەری شانۆ دروستکرد.

ئـەم شـانـۆگـەرییە پێش هەموو شتێک گۆڕانکاری بوو لە دیدگاو تێڕوانینی تەڵعەت سامان خۆی بۆ تێکست و ئەکتەرو نمایش، لەم نمایشە تەڵعەت سامان هەوڵ دەدات فۆرمێکی تـازە بەکردەی نمایش ببەخشێت و دەرهێنەریش لـەو سـێـبـەرە تـاریـکـە دەربـــاز بکات کە هەمیشە لەپشت وشەو پیتەکانی نووسەر نغرۆ دەبـوو، لیرە هاوسەنگییەکی تازە دروست دەبێت کە تیاییدا ووشە هەنگاوێک دەچێتە دواوەو فۆرم هەنگاوێکی تر دێتە پێشەوە.

بـە بــڕوای مـن کـارکـردن بـەم ئـاقـاردەدا ڕەنـگـبـوو بـەرهـەمـی باشی هەبووایەو ڕەنگدانەوەی ئیجابی بەسەر ڕەوشـی شانۆی کـوردی بـەتـایـبـەتـی لـە هەولێر دروستبکردبایە، بەڵام دوای ئەوە جارێکی تـر تەڵعەت سـامـان لە ئەزموونەکانی دواتری هەنگاوێک دەگەڕێتەوە دواوەو پشتدەکاتە ئەو بوێرییە هونەری و جوانکارییەی کە لە شاری ئەوین هەنگاوی بۆنا، دەبینین لە نمایشەکانی دواتـری جارێکی تر بـەرەو کلاسیکییەتی کـارەکـانـی خـۆی دەگـەڕێـتـەوەو جـارێـکـی تـر ووشـــە بـەسـەر فـۆرم زاڵـدەبـێـتـەوە بەتایبەتیش لـە نمایشی (حـەمـەدۆک) کـە بە بـڕوای مـن هـەنگاوێکی پێچەوانە بوو لە کاروانی کارەکانی تەڵعەت سامان.

لە کۆتاییشدا ئـەوەی وایکردووە هەندێ شانۆکار ئـەو ماوەیە بە زێڕین نـاوزەد بکات ئەوەبوو کە شانۆ بینەرێکی زۆری هەبووە، زۆر بەپێوەری ژمـارەی بینەر لە ڕۆژگـاری ئەمڕۆماندا، دەنـا لەو کاتەش زۆرینەی نمایشەکان سێ یا چـوار ڕۆژ نمایش دەکـران و لە باشترین حاڵەتیشدا دەگەیشتە هەفتەیەک، بـەم پـێـوەرەش بێت ئـەمـە ژمـارەیـەکـی زۆر نییە بۆ بینەری شانۆ لەسەر ئاستی شانۆی وڵاتانی دەوروبەرو جیهان.

هەمووشمان لەسەر ئەوە کۆکین کە زۆرێـک لەوانە بینەری شانۆ نـەبـوون، شـانـۆش لـەو دەمـەدا نەیتوانیوە بینەری خۆی دروست بکات، دەرفەت بخوڵقێنێت بینەر لە قاڵبی قەتیسکراوی کورسییەکەی دەربازبێت و هێڵێکی پەویوەندی لەگەڵ نمایشەکە دروست بکات، چونکە زۆریـنـەی نمایشەکان ڕێـگـربـوون لـــەوەی بـیـنـەر لـەو پرۆسەیە بـەشـداری بکات، بۆیە دەکـرێـت بـلـێـین نـمـایـشـەکـانـی ئـەو سـەردەمـە ئـەگـەر ئـەوانـەی گرووپە ئەزموونگەرییەکانی لێ دەربهاوێژین، وایان لەبینەر کرد تووشی تەمەڵی و پشتبەستن بێت بە ئەوانیتر، ئەمەش وایکرد بینەر هەرگیز نەبێتە بەشێکی نمایشەکان و کاریگەری و کاردانەوەی بەسەر نمایشەکانەوە نەبێت.





# شانۆی سیاسی لە هەولێرو ئاسەوارە ساردو گەرمەکانی بە سەر شانۆی کوردیدا

حەیدەر عەبدولڕەحمان



لە هەموو هەلومەرجێکا شانۆ پارچەیەک بووەلەوهەلومەرجەی کۆمەڵگا تێیدا ژیاوەو قەت وا ڕێ نەکەوتووە شانۆو هەلو مەرج دوو ئاراستەی دژ بە یەک یا لێکتر جودا بن، چونکە خەسڵەتی ئۆرگانیکی شانۆ ئەوەیە کە لە ڕەحمی کۆمەڵگا لە دایک بێت، بۆیە هەمیشە پروشکی ئەو هەلو مەرجەی کۆمەڵگا لە ساتە گرژو خاوەکانی و ساتە تاڵو شیرینەکانیدا، هەمیشە قۆناغ بە قۆناغ لە سەر پانتایی شانۆو دەرهاوێشتەکانی ڕەنگی داوەتەوە .

ئەو ڕەنگدانەوەیە ڕەنگێکی جوداو قەدێکی دیاری کراوی بە خۆیەوە نەگرتووە، بەڵکو هەمیشە بە شێوەیەکی سروشتی لە گۆڕان دابووە، ئەو گۆڕانەش ئەو ئامانجەی پێکاندووە کە شانۆ دەیخوازێ، هەر زەمەنێکیش دەرهاوێشتەیەکی تایبەتی خۆی و شێوازو زمانی گوزارشت کردنی خۆی هەیە، ڕەنگە لە هەندێ لەو زەمانەدا ستایلێکی ڕەمزی و لەوی تریان واقیعی و لەوی دیکەیان ئاهەنگ سازی ویستبێت، گرنگ ئەوە بووە کە چۆن بتوانین لەو زەمەنە جیا جیاجیایانەدا زمانی شانۆ بکەین بە زمانێکی هونەری و خیتابێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی یاخود ڕۆحی . گرنگ لە خستنە ڕووەکە ئەوەبووە کە شانۆ تەوزیف بکرێت بۆ تێنوویەتی شکانی خەڵکی لە هزرو بیرو فانتازیاو کارجوانیدا .

پرسی سیاسی، کە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بە سەر ژیان و چارەنووسی خەڵکەوە هەبووە،هەمان کاریگەری بە سەر شانۆشەوە هەبووە وەک پارچەیەک لە جەستەی کۆمەڵگا، بەڵام کاریگەرییەکە تەوژمێک نەبووە بە ئاراستەی تێک شکان و هەڵکەندن و شوون بزر کردنی شانۆ، ئینجا ئەو کاریگەرییە چەند بە تین و بە ئێش و بەئازار بوو بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ی ئەو هاوکێشەیە تەوژمێک بووە بە ئاراستەی ورو ژاندن و یاخی بوون و دروست کردنی حاڵەتێک لە ململانێ ی شانۆیی، کە زۆر جاران کاریگەری ئەو یاخی بوونەی شانۆ جیاوازییەکی نەبووە لە یاخی بوونی سەنگەر . بەڵکو لە هەندێ حاڵەتدا تێپەڕاندن لەو ئاستەش، چونکە گۆڕینی هزرو تیخ دانی ویژدان بە کەرەستەو ئامرازە هونەرییەکانی شانۆ، کۆمەڵگا بۆ قۆناغێک لە هوشیاریی و هۆشداری ئەوتۆ دەگوازێتەوە کە ببێ بە کۆڵگایێکی زیندوو لە ناخدا . تا ئەو زیندوو بوونەوەو وروژانەش دروست نەبێت کۆمەڵگا ئەو ئامادەییەی نابێت کە فێری زمانی ڕەت کردنەوەو یاخی بوون بێت . هەر کاتێکیش شانۆ بوو بە ئامرازێک بۆ بەدی هێنانی خواستە شاراوەکانی بینەرو گوزارشتی لە ئەشکەنجەو ئازارە دەروونییەکانی کرد، خواستی بینەر بۆ شانۆ زێتر دەبێت و دەگاتە ئەو ئاستە کە شانۆ نغرۆ بێت لە بینەرو هەندێ جارییش بگاتە ئەو ڕاددەیە کە بۆ بێبەش نەبوونی لە شانۆگەرییەکدا دەرگاو پەنجەرە بشکێنێ . وەک ئێمە زۆر جاران لە زۆر شوێنی کوردستاندا ئەو حاڵەتەمان لە چەندین شانۆگەرییدا بینیووە، گرد بوونەوەی ئەو قەوارەیە لە بینەر و ئەو حەماسە پڕ لە کەف و کۆڵە هەمیشە جێگەی پرسیار بووە لە لای ئەوانەی ترسێکی گەورەیان لە شانۆ

هەبووە، کە شانۆ لە پێکهاتەیەکی هونەری و هزری دا بگۆڕێت بۆ پێکهاتەیەکی سیاسی و ببێتە مایەی هەڵبڕینی دەنگ و بەرز کردنەوەی دروشمی نارەزایی ..لە پێو دانگی خواستی بینەریش بۆ شانۆی سیاسی هەمیشە پانتایی ئەو جۆرە شانۆگەرییانە لە فرەوان بوون دابوونە، بۆیە لە هەولێرو زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان لە رابووردوودا ئەو ئاوێتە بوونەی نێوان شانۆو کۆمەڵگا بە تەواوەتی سەری هەڵداوە و شانۆ هەر تەنها وەزیفەیەکی هونەری نەبووە، بەڵکو لە پاڵ ئەودا سیاسەت بۆتە توخمێک لە توخمە بنەڕەتیەکانی پێکهاتە شانۆییەکان . بەڵام تا چەند شانۆکارانی ئێمە توانیوویانە گوزارشت لەو بە سیاسی بوونەی شانۆ بە زمانی هونەر بکەن و چەند توانیوویانە شانۆ لە بە خیتاب بوون و دروشمی بریقەدارو هوتافات رزگار بکەن ئەوە پرسێکی دیکەیە کە دەکرێت توێژینەوەیەکی رەخنەییانەیان لە سەر بکرێت ..بەڵام بە گشتی ئەو هەلو مەرجە سیاسیە هاندەر بووە بۆ دروست بوونی گرو تین و ئامادە کردنی ئەکتەرو بە زەرورەت بوونی شانۆ لە سەر پانتایی رووداوەکانی رابووردووی کۆمەڵدا، بۆیە بە تەنها بوونی شانۆ لەو هەلو مەرجە تەنگە تاوە سەخت و دژوارانەو ئامادە بوونی بە کەف و کوڵی بینەر لە هۆڵی شانۆدا بە دەر لە هەڵسەنگاندنە هونەرییکان بە قازانجی شانۆدا هەڵکەوتۆتەوە .

زۆرینەی شانۆ سیاسیەکان بە تایبەت لە شاری هەولێردا بە گشتی دەرژانە نێو خانەی شانۆی واقیعی، هەندێ جاریش شانۆی تەعبیری و رەمزی، ناکرێت لەو بوارەشدا ئەوە لە بیر بکەین کە هونەرمەندی شانۆکار ( تەلعەت سامان ) لە حەفتاکاندا تا هەشتاکانیش پێشرەوی شانۆی سیاسی بووە لەو شارەدا، چەندین بەرهەمی شانۆیی هەبووە لەو سەردەمانەدا لە چەشنی ( ئەژدیها، شاری ئەوین، حەمە وەی وەی، خاڵۆ ی رێبوار و چەندینی تر . مافی خۆیەتی ئەگەر بینەرێک بپرسێت، راستە کە شانۆی سیاسی کوردی توانییوویەتی گوتارێکی سیاسی بگەیەنێت، بەڵام تا چەند توانییوویەتی ئەو گوتارە سیاسیە بە زمانی شانۆو بە ستایلێکی دراماتیکی بگەیەنێت، کە تێیدا ستاتیکای شانۆ و فانتازییەکانی پارێزراو بێت ؟ بێگومان ئەم هاوکێشەیە پەیوەست بوونێکی راستەوخۆی بە ئاستی شانۆوە هەیە لە هەر پارچەیەکی جوگرافیدا، داهێنانیش بەند نیە بە رێبازو شێوازێکی دیاری کراوی شانۆیی، خۆ مەرج نیە هەموو شانۆگەرییەکی ئەزموونکاری سەرکەوتوو بێت و شانۆگەرییەکی دیکەی کلاسیکی یا واقیعی روخاو بێت، ئەوە پەیوەستە بە توانست و دەسەڵاتی دەرهێنەر، چونکە تا ئێستاکەش شانۆ کلاسیکییەکانی شکسپیر لە شانۆی شکسپیری دا پلەی یەکەمی بینەرییان هەیە لە هەموو دنیادا، ئەمە وێڕای هاتنە پێشەوەی چەندین رێبازی ئەزموونگەری نوێ لە جیانی شانۆدا، شانۆ سیاسییەکانی بسکاتۆر تا ئێستاکەش دەخرێتە بەردەم تیشکی نوێ ی شانۆیی و بەرهەمی تازەی لێ هەڵدەهێنجێندرێ، ئەگەر سەدەیەکیش بە سەر شانۆیی سیاسیدا تێپەڕێت، ئەوە مانای ئەوە نیە کە شانۆی سیاسی لە بیر بچێتەوە، وەک مانای ئەوەش نیە ئەگەر شێوازی دیکەش دروست بێت، شێوازەکانی تر رامالدرێن ..



شانۆی سیاسی ئێمە لە سەردەمی خۆیاندا وێڕای ساکاری و سادەیی لە هونەرەکانی شانۆدا، لە زەمەنی خۆیاندا لە لایەن بینەرەوە وەرگیراون، چونکە ئاستی هوشیاری و مەعریفی بینەر لەو زەمەنەدا هاوکوف بووە لە گەڵ ئاستی شانۆدا، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە رەنگە ئێستاکە لەو زەمەنەدا هەمان بینەر بەو شێوازەی جاران هەبووە ،شانۆت لێ وەرناگرێت و داوای بەرهەمی باشترت لێ بکات کە هاوکوف بێت لە گەڵ ئەو سەردەمەی تێدا دەژیت

..رەنگە بینەری ئەو کاتیش گوزارشت کردن لە ئامانجە سیاسییەکانیان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دانابێت، بۆیە دەرهێنەریش ئەوەی بەلاوە گرنگ بووە کە بینەر دەیخوازێ ..

بەڵام چونکە شانۆی رەمزی باشترین ئامرازێک بووە بۆ گەیاندنی ئەو ئامانجانە و پەردە پۆش کردنیان لە ژێر عەبای شانۆدا، هەندێ بەرهەم هەبوونە کە جۆرێک لە هاوسەنگییان تێدا هەبووە لە نێوان شێوەو ناوەرۆکدا، بە تایبەت لە شانۆگەرییەکانی فەتاح خەتاب، سەباح عەبدولڕەحمان، تەلعەت سامان . بەڵام ئەو چەند بەرهەمە نەبوونەتە حاڵەتێکی گشتی بۆ شانۆی سیاسی بەڵکو بەرهەمی بە دەگمەن بوونە .

بەڵام لە شانۆگەرییە سیاسییەکانی بسکاتۆر، ئەو رووتییە نیە لە ستاتیکای شانۆیی و زمانی شانۆ، بەڵکو ئەوەتا لە شانۆی پرۆلیتاریدا بسکاتۆر هەموو بۆچوونەکانی بە هێما بەرجەستە دەکات، بۆ ئەوەی شانۆ بەها هونەرییەکانی خۆی لە پەنای گوتاری رەونەقداری حیکایەت خوانی و دروشمی بەتاڵدا لە دەست نەدات تەنها لە پێناو ختوکە دانی بینەرو جولاندنەوەی هەستی چەوساوە بوونی، بە شێوەیەکی کاتی، یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین هەڵچوونێک بیگرێت، تا ئەو کاتەی لە هۆڵی شانۆکەدا دەچێتە دەرەوەو لە گەڵ چوونە دەرەوەشی دا ئاسەوارە دەروونی و سایکۆلۆژییەکانی لە گەڵ دەرچوونی خۆیدا لە هۆڵەکەدا بە جێ بێڵێ ..

لە هەندێ شانۆگەریدا، لاوازی لە تەکنیکی شانۆیی وای کردووە گوتارە سیاسییەکانیش لە بەر بچن، یان بە گران بوەستن لە هەمبەر ئامانجێکی سیاسی کە کەس خوازیاری ئەوە نیە خستنە رووی بە شێوەیەکی کرچ و کاڵ ئاسەوارێکی سارد بە سەر هزری بینەردا بە جێ بێڵێ .

هەندێ لە دەرهێنەرانی ئێمە لە رابووردوودا بەوە فریو خواردوو دەبوون کاتێ هەستییان دەکرد، کە پێویستە شانۆی سیاسی بە شێوازێکی تراژیدی بەرجەستە بکرێت، بە پێچەوانەی زۆر لە دەرهێنەرە جیهانییەکان کە شێوازی کۆمێدیان پێ بە هێزتر بوە لە شانۆی سیاسیدا، وەک شانۆگەرییەکانی مۆلیێر، یا شانۆگەری لانەوازان، چونکە ئەوان پێیان وابووە ئامرازەکانی گاڵتە پێکردن بە دەسەڵات، بەهێزتر بووە لە تانەو تەشەر تێ گرتن، یا هەڵگرتنی دروشمی



ساردو سر، هەر ئەو چەکی گاڵتە ئامێزییە بوو وای کرد، کە چارلی چاپلن سەرمایەدارەکانی هەموو دنیا ریسوا بکات . یا عەزیز نەسین بڵێ لە نێو قاقای پێکەنینەکانم گریان هەیە .

هەندێ بۆ چوون هەبوونە لە رابووردوودا زەرەرو زیانێکی زۆریان بە شانۆو ئایندەی شانۆ گەیاندووە، یەکێ لەوانە ئەوە بووە کە شانۆ بکرێتە ئامرازێکی رووتی سیاسی و لە بەها هونەرییەکانی خۆی داماڵدرێت، یاوەک مینبەرێکی لێ بێت بۆ گوتاری سیاسی رووت، بە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە ئەوەیە کە هەموو چامەیەکی مرۆیی، ئەگەر گەیشتە قۆناغی داهێنان، هێزی کاریگەر بوونی لە هێزی هەموو ئامرازێکی دیکەی سواو بە هێزترە . یاخود هەموو داهێنانێکی مرۆیی سەرکەوتنێکە بە سەر پرنسیبە نامرۆییەکان، کەواتە سنووری دەسەڵاتی شانۆیی ئەگەر چووە قالبی داهێنان سنوورێکی کراوە دەبێت، بۆ هەموو گەلانی دنیا، بە دەر لە هەر ناونیشان و ناوێک . ئێمە لەوەدا بە هەڵە چووینە ئەگەر لە شانۆدا خۆمان بخەینە نێو تۆرێکی گۆشە گیری ئەوتۆ کە لە شانۆگەرییەکدا هەموو شتێ ببیستین و ببینین تەنها شانۆ نەبێت، ئەمە پەروەردە کردنێکی نا دروست و هەڵسوو کەوت کردنێکی نامۆیە لە گەڵ شانۆدا، ئەگەر بمانەوێت هەر قسەیەک لە رێگەی شانۆدا بکەین، دەبێت بە زمانی شانۆ بدوێین . چونکە زمانی شانۆ لە هەموو زمانێکی دیکەی مرۆیی بە هێزترو قوڵترە . ئەگەر لەو زمانەی شانۆ گەیشتین .



# کاریگەری پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلێژی هونەر لەسەر رەوشی شانۆ لە هەولێر





مەهدی حەسەن

ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم گرنگی بوونی پەیمانگاو کۆلێژە لە بەرەو پێشچوونی هونەرەی شانۆ لە هەولێر، بەڵام پەیمانگاو کۆلێژ ئێستا چۆن بەرێوە دەچێ ئەوە شتێکی جیاوازە و قسەی زۆری دەوێ.

شانۆ لەبەرئەوەی هونەرێکی گشتگیرە شانۆکار دەبێ بە هەمیشەیی خاوەن رۆئیایەکی زۆر فراوان بێ و یا دیگەیەکی زۆر بەهێز و پڕی هەبێ پڕ لەزنیاری و بینین. زانیاری بەهۆی خوێندنەوەی زۆر و بەردەوام پەیدا دەبێ. بینین لە گەڕان و بەئاگابوونی شانۆکار لە دەوروبەری پەیدا دەبێت. لە دواجاردا بەهۆی زانیارییەکان خوێندنەوەی جیاجیا بۆ هەموو بینینێکی دەکات و نمایشێکی سەرکەوتوو بەئەنجام دەگەیێنێت. لەوێوە ئەفراندن لەلای شانۆکارەکە دەست پێدەکات. بۆ ئەوەی ئەم کردەیە ڕووبدات زۆر گرنگە شوێنێک شانۆکار لەخۆ بگرێت بۆ ئەوەی کاتێک شانۆکار لە تەمەنێکی گەنجیدا دەچێتە ئەم شوێنە ڕێگاکانی بۆ ڕووناک دەبێتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، مەبەستمان دروستکردنی شانۆکاری ئەکادیمیە. خۆ دەکرێ لە ستۆدیۆیێکی شانۆیی بێت و یان دەزگایەکی شانۆیی بێت، بەڵام هەبوونی پەیمانگا بەتایبەت ئەوا زۆرتر کاریگەری دەبێت لەبەر ئەوەی پەیمانگا بەپێی تەمەن و قۆناغەکانی خوێندنی بۆ ئەم گەنجە شانۆکارە پرۆگرامی خوێندنی کە بە پێنج ساڵ پێنچ ئاستی جیاواز لەهەر ئاستێکدا بەگوێرەی یان بەپێی هاتنی قۆناغەکانی مێژوویی بوارە جیاجیایەکانی شانۆ تیۆرەکانی دەرهێنەرە جیهانییەکان بۆ پێگەیاندنیان لەڕووی دەرهێنان یان کاری نواندن ئەم دابەشکردنەی پێنج ساڵە لەڕووی تیۆری و پراکتیکی وا لە قوتابی شانۆکار دەکات کە بتوانێ تا ئاستێکی باش خۆی پێبگەیێنێ.



لە هەولێر کە باسی شانۆ دەکرێ دەگەڕێینەوە بۆ کۆتایی ساڵانی شەستەکان و



سەرەتای حەفتاکان ئەویش بەهۆی چەند شانۆکارێکی کورد کە لە پەیمانگا یان کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا دەگەڕێنەوە وەک (تەڵعەت سامان و فەرهاد شەریف) کەواتە بەهۆی کاری شانۆیی ئەوان لە هەولێر دەکرێ بڵێین شانۆ ڕووە زانستیەکەی وەرگرتووە لەو کاتەوە شانۆکارە ئەکادیمییەکان ڕۆڵی خۆیان هەبووە بۆ پێشخستنی هونەری شانۆ و لە ساڵانی هەشتاکان لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی موسڵ و سلێمانی دوای تەواکردنی خوێندنی پێنج ساڵەیان چەند کەسێکی تر گەڕانەوە هەولێر و هاوکاری ئەوانەشیان دەکرد کە نەیانتوانیوە بچنە پەیمانگاو کۆلێژو هونەری شانۆ بەڕووە زانستییەکەی بخوێنن.

لەدوای ڕاپەرین پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر کرایەوە کە خەونی گەنجێکی زۆری هێنایەدی کە هونەری شانۆ گۆڕانێکی زۆر باش و خێرای بەخۆیەوە دیت، کە هێشتا قوتابییەکان لە پەیمانگا دەرنەچووبوون بەرهەمەکانیان لەشاری هەولێر نمایش دەکرا و قسەی زۆری لەسەر دەکرا لە هەمان کاتدا پەیمانگا بوو بە شوێنێکی زۆر گرنگ بۆ تیپە شانۆییەکان



و تەنانەت دەرهێنەرەکان کە لە دەرەوەی تیپەکان کاریان دەکرد ڕوویان لەپەیمانگا دەکرد و داوای هاوکاریان دەکرد بۆ بەشداری پێکردنی قوتابییەکان لە بەرهەمە شانۆییەکانی خۆیان ئەو هەماهەنگییە لە نێوان پەیمانگا و دەرهێنەرەکان زۆر کاریگەری باشی هەبوو لە بەرەوپێشبردنی هونەری شانۆ لە هەولێر کەواتە بوونی پەیمانگای هونەرەجوانەکان وادەکات کە شانۆکاری جدی و زانستی لە بواری هونەری شانۆ کاربکات.



# کاریگەری شانۆی ئەبسێرد لەسەر شانۆکارانی هەولێر



**نیهاد جامی**

شانۆی ئەبسێرد لەساتەوەختی لەدایکبوونی خۆیدا توانی گۆڕانێک لەناو فۆڕم و تەکنیکی تێکستی شانۆیی دروست بکات، بەتایبەت بەدوای شانۆگەری (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)ی سامۆئیل بیکت، کە ئەو



شێوازە لە شانۆدا توانی وەک پڕۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆی ئەرستۆیی خۆی بخاتە ڕوو، تا دەگاتە ئەوەی دەرهێنەرێکی ئەزموونکاری وەکو پیتەر بروک کاریگەری بیکت بەسەرخۆیەوە نەشارێتەوە.

ئەو شانۆیە هەمیشە وەک ڕێرەوێکی زانستی توانای ئەوەی هەیە دەرگایەکی ئەزموونکاریمان بۆ بکاتەوە، بۆیە ئەگەر هەمیشە نەتوانین دنیای تێکستەکانی نووسەرانی ئەبسێرد وەک تێکستی جیاواز سەیر بکەین، بەڵام ئەو تێکستانە توانای ئەوەیان هەیە ببن بە دەسپێک و دەروازەیەک بۆ ناو دنیای ئەزموونکاری، بۆیە سەرەتاکانی ئەزمونگەری لە شانۆی کوردیدا هەر لەڕێگەی تێکستی شانۆی ئەبسێردەوە بوو، پێشتر لە کتێبی (ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزمونگەری) ئاماژەمان بۆ کاریگەری شانۆی ئەبسێرد کردووە لەسەر شانۆی

ئەزمونگەری کوردی، کە چۆن ئەو شانۆیە توانیویەتی دیدی شانۆکاری کورد بەرەو ئەزمونکاریەت ببات.

ئەگەرچی بزووتنەوەی شانۆی کوردی لە شاری هەولێر یەکەم هەوڵە ئەزموونییەکانی دەکرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان، کە چەند هەوڵێکی ئەزموونکاری دراوە بۆ شانۆیەکی ئەزموونگەری لەوانە دامەزراندنی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری هەولێر) و هەروەها هەوڵەکانی شانۆکاران (فواد جەلال و کەریم عوسمان) هەڵبەت فواد جەلال لە شانۆگەری (ئەمیبای کەلاوەکان) لەدوای ڕاپەڕین دەیویست لەسەر وەڵامەکانی

شۆڕش و پرسیارەکانی نەوەی نوێ ئیش بکات، بەڵام بەهۆی نەفەس کورتی لە مەشقەکان نەیتوانی ئەو پڕۆژەیە بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام شانۆکارانی هەولێر لەگەڵ ڕووکردنە تێکستەکانی نوسەرانی ئەبسێرد توانیان هەنگاوێکی جیاواز بنێن لەڕووی فۆڕم و تەکنیکی شانۆیی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە تایبەتەی سەردەمی شەڕی ناوخۆ لە ناوەڕاستی نەوەتەکان، لەو دۆخەی کە شانۆکارانی نەوەی پێشوو دوایین هەوڵەکانی خۆیان لەشانۆ خستە ڕوو، بەتایبەت بەدوای دیارترین هەوڵەکانی ئەو نەوەیە لە نمایشەکانی (ئەو دەمەی ئەڤین مەزنتر ئەبێت)ی فەرهاد شەریف و (کاتێ شەهێن لە سەختەن هێلانە دەکات)ی زاهیر و شانۆگەری (سێدارە)ی تەلعەت سامان و (کلکی مار)ی فەتاح خەتاب، دەرکەوت کە ئەو قۆناغە پێویستی بەدۆخ و پرسیاری ئەو ساتەوەختە هەبوو کە جەنگ لەکۆمەڵگای ئێمە خولقاندبووی، چیتر پرسیاری ئەو نەوەیەی ڕاپەڕین نەوەکانی پێشوو نەیاندەتوانی وەڵامی بدەنەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئەو نەوە نوێیە بەدوای دیدو دنیایەک بگەڕێت کە وەڵام دەرەوەی پرسیارەکانی بێت و بتوانێ گومانەکانی لەو دۆخە بە پرسیار بگۆڕێت، هەڵبەت دامەزراندنی پەیمانگای هونەرەجوانەکانیش بۆ خۆی یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ چالاک بوون و هاتنە پێشەوەی ئەو نەوەیە.







دیارترین ئەو ناوانەی کە توانیان لەڕێگەی هەوڵەکانیان گۆڕان لە ڕووبەرو پانتایەکانی ئەو شانۆیە بێننە دی بریتی بوون لە "مەهدی حەسەن، هیوا سوعاد، سدیق حوسێن، کرمانج مستەفا، ژیلوان تاهیر".

ئیشکردنی مەهدی حەسەن لەتێکستی بیکت بەتایبەت لە (خۆڵەمێش) دیدو پانتاییەکی تری ناو ئەو ڕووبەرەی بنیاتنا، بەتایبەت لەو تێکستەدا کە دیدێکی ناتەبای لەناو نمایش خوڵقاند، ئەوەش بەرەنجامی زمانێکیتر بوو بۆ گوزارشت کردن، کە ئەو شێوە ئەزموونە بۆ ئەو بووە هۆی ئەوەی ڕیتم و فۆرمێکی تاڕادەیەک دوور لەهەوڵی ئەوانیتر بنیات بنێت، دواتر ئەوەشی گواستەوە بۆ ناو شانۆی کلاسیکی و لەشانۆگەری (بەبەرد بوون) ویستی ئیشکردنەکەی بباتە ناو دەقی کلاسیکی، ئەگەرچی لەڕوویەکدا ئەوە تووشی ڕەشبینی کردین بەوەی ئەوە پرۆژە نەبوو لەلای مەهدی گەر وا نەبایە نەیدەبردە ناو تێکستی کلاسیکیەوە، بەڵام ئەوەی تاڕادەیەک ئەو ڕەشبینیەمان برەوێنێتەوە، پەیوەست بوو بە ئەزموونکردن لەناو دیدو تێکستە جیاوازەکان، ئەوەش لەڕێگەی ئەو ئەتمۆسفێرەی کە لەتەک نووسەرانی ئەسبێرد ڕووبەروویان دەبۆوە، وەک لە (بێدەنگی) هارۆلد بنتەر و هەروەها لە شانۆگەری (سەفەری پاکبوونەوە)ی ئەرابال، زیاتر بە پرۆژە بوونی ئەو هەوڵەی دەرخست.

هەڵبەت ئێمەی بینەر لە (سەفەری پاکبوونەوە) بەشداری لە سرووتێکی تایبەتمەند دەکەین، ئەویش هەستکردنە بەو فەزا خنکێنەرەی بۆی خوڵقاندووین، هەمیشە چاومان لەدەستی ئەو دوو ئەکتەرەیە ڕزگارمان بکەن، ئەو ڕزگار بوونەش پاکبوونەوەمانە لەو گوناهەی کە دەرهێنەر شانۆی تیادا دەکاتە ئەو دادگا دەروونیە بۆ سزادان، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە لەوەدا بێت کە ئەو گوناهانە بۆچی خراونەتە ئەستۆی ئێمەوە؟

ئەوە پەیوەستە بە ئیلتیزامێکی ئەخلاقی شانۆوە بەوەی پێویستە شانۆ وەزیفەی پاککردنەوەمان بێت لە گوناهەکان ئەوەش چەمکێک بوو مەهدی لەناو تێکستی ئەبسێرد درکی پێکردو دواتر لە شانۆگەری (ڕۆژە خۆشەکان بەسەر چوون) لەناو دیدی شیعریی ڕەفیق سابیر بنیاتی نا، بەڵام دیارە ئەو پەیوەندییەی نێوان شیعرو شانۆی ئەبسێرد بۆ ئەو پەیوەندییەکی نوێ نەبوو، بەڵکو پرۆژەیەک بوو، بەتایبەت لەسەرەتای هەوڵەکانی ئەو دەمەی شانۆگەری (ئاوازە پچڕاوەکان)ی نمایش کرد.

لێرەدا لەو هەوڵانە نابێت ڕۆڵی (دیار عومەر، کرمانج مستەفا، سەلاح حاجی، ئاری محەمەد) وەک ئەکتەر لەیاد بکەین، کە ئەو ناوانە تواناو وزەیەکی زیندوویان بەم نمایشانە گەیاند، ئەگەرچی (کرمانج مستەفا) لەتێکستی (شاعیروداهێنەرو کۆلۆنێل) هەولێدا ئەو ئەزموونە بگوازێتەوە ناو ئەو تێکستە، دواتریش جارێکیتر دنیای ئەو تێکستەی پیتەر ئۆستینۆف کە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیی نەبوو بە شانۆی ئەبسێرد، بەڵام گۆڕیە سەر ئەو ڕیتمەی کە لەو شانۆیە متمانەی دەکرایە سەرو ناوی نمایشەکەشی پێنا (وەنەوەز) کە ویستی سێ کچ گوزارشت لەو دیدە بکەن، هەڵبەت لەڕووی دەربڕین و ئەدای جیاواز ئەوان توانیان جەستەی مێینەی تر دەربخەن، بەو پێیەی کە ئەو بزووتنەوە شانۆییەی هەولێر تا ڕۆژگارێکی زۆر کچ تیایدا وابەستە بوو بەرۆڵی دایک و زۆرجار دەزگیرانێکی ترسنۆک، دیارە نابێت ئەوە بشاردرێتەوە کە ئەو دۆخە خاڵی نەبوو لەو کۆمەڵە دەنگە مێینەیەی کە لەکارنامەی دەرچوونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە نمایشەکانی (ئەو پیاوەی بوو بە سەگ، قایخێک لە دارستان، دەمامکی فریشتەکان) دەرکەوتن، پێویستە ئەوە لە نووسینی تر باس بکرێت.

ئەگەرچی کێشەیەک لەنمایشی (وەنەوز) هەبوو، ئەویش کێشەی گۆڕینی سێ کارەکتەری نێرینە بۆ مێینە بەتەنها ئەوەندە بەس نەبوو کە ئاماژە ڕەگەزییەکان بگۆڕدرێت، بەڵکو پێویستی بەوە بوو بونیادی پێکهاتەی کارەکتەر سەر لەنوێ دابڕێژرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نمایشە بەیەکێک لەو کارانە لەیادەوەری ئەو قۆناغە نوێیەی شانۆی هەولێر ماوەتەوە.

هەڵبەت ڕۆڵی بورهان غەفور لەهەردوو نمایشی (سیکرابخانە و کەڤاڵی پەپوولە) دەرگاکردنەوەیەکی تر بوو بۆ

ناو شانۆی ئەبسێرد، ئەگەرچی ئەو دەرگا کردنەوەیە پێویستی بە خۆڕزگار کردن هەبوو نەک خۆ خنکاندن لەناو دەربڕینی دەنگ و گرژکردنی ماسولکەی جەستەیی، کە وای لێهات بوو بە فۆڕمێک بۆ شانۆی ئەبسێرد، ئەگەرچی (کەڤاڵی پەپوولە) زیاتر دەیویست لەناو سرووتێکی سەما ئامێز خۆی نیشان بدات، ئەو هەوڵە دواتر کاریگەری زۆری دانا لەسەر کارەکانی (سدیق حوسێن).

بۆیە شانۆگەری (ڕۆژە خۆشەکان)ی سدیق حوسێن کە لە بنەڕەتدا لەشانۆگەری (ئێوارەیەک)ی هارولد بنتەر وەرگیرابوو، ئەو کاریگەرییە شیعرییە لەڕووی سەماو وێنەی ڕۆمانسیانە دەکرێ بەتەواوکردنی پرۆژەکەی بورهان غەفور تەماشا بکرێت، دیارە ئەو لەشانۆگەری (فرمێسکەکانی مۆم)یشدا ئەگەرچی وەک شانۆیەکی مۆنۆدرامی خۆی نمایش کرد، بەڵام هەرچەندە ئەو کاریگەرییە بووە بەشێک لەو پرۆژەیە، بەڵام توانای ئەوەی هەبوو جۆرە جیابوونەوەیەک لەوانی تر دەربخات، بەداخەوە لەوەشدا تووشی پەلەکردنێک هات بەوەی ئەزموونەکەی بە شانۆیەکی سەربەخۆ بەناوی (سات) ناونا، دیارە ئەو نەیتوانی تیۆریزە بۆ شانۆکە بکات، هێندەی لەناو بانگەشەیەکی ڕووکەشی ناونان مایەوە.

لەلای هیوا سوعاد تێکستی (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان)ی ئەدوراد ئەلبی بووە ڕووخسارێکی تری ئەو جیهانە، کاتێ هەردوو ئەکتەرە کوڕەکەی گۆڕی بۆ دوو کچ، لەڕێگەی سینۆگرافیایەکی ئاماژەکاریەوە کە لە بنەڕەتدا تۆڕێک بوو توانی ناخی کارەکتەرەکان لەڕێگەی سینۆگرافیاکەوە بکاتە ئاوێنەیەک بۆ ناسینی دەروونی کارەکتەر، هەڵبەت ڕزگاربوون لەناخ لەناو ئەو تێکستەدا لای ئەدوارد ئەلبی جۆرێکە لە پرۆسەی ڕزگاربوون، دیارە ئەم نمایشە بەهۆی کەم ئەزموونی هەردوو ئەکتەرەکە و هەروەها دیدی دەرهێنەر نارۆشن ئەکەوتەوە بۆ ناو ڕووبەرە ترسناکەکەی زیندانی ناخی کارەکتەر وای کرد بەشێکی دیار لە ڕەهەندی فەلسەفی ئەو جیهانەی ئەلبی لەدەست بدرێت.

ئیشکردنی ژیلوان تاهیر لەناو تێکستەکانی بیکت نەیتوانی ئەو دیدە بگۆڕێت کە مەهدی حەسەن دەری خست، بەواتای ئەو دارِشتەیەکی تری بە بیکت نەبەخشی، بەقەد ئەوەی وای لێهات تێکستەکانی شانۆی ئەبسێرد بۆ شانۆکارانی هەولێر بوو بە فۆڕمێک کە ئەوە بە فۆڕمی نوێ بۆ شانۆ سەیر بکەین، دیارە ئەوەش وەک شانۆیەک هێندەی لەناو سوونەتگەرایی خۆی دەخنکاند، توانای کەشف کردنی جیهانی نوێی شانۆیی نەبوو، بۆیە لێکچوون بوو بەخاڵێکی زۆربەی نێوان ئەو دەرهێنەرانە، لەکاتێکدا ئەوان لەسەر ئەو لێکچوونە کارەکانیان زیاتر لەیەکی نزیک دەکردنەوە، کە دەبوو ئەوەی لەیەکتریان نزیک بکاتەوە تەنها دنیای نوسەرەکان



بێت لەژێر ناوی ئەبسێرد، واتە جیاوازییەکان بەیەکی بگەیاندبانەوە، کە بەداخەوە وا نەکەوتەوە.
بەتایبەت ژیلوان تاهیر لە شانۆگەری (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) دیارە هەر لە لابردنی بەشێکی زۆری تێکستەکە بووە هۆی ئەوەی زەمەنی چاوەڕوانی تیا بکوژرێت، تەنانەت لەڕووی جوولەی کارەکتەرەکان نەمانتوانی ئەوە هەست پێبکەین کە ئەوان چاوەڕوانن بەقەد ئەوەی دەیان ویست گەمەی چاوەڕوان بوون نیشان بدەن، دیارە ئەو ئیزافانەی خراونەتە سەر تێکستەکە هێندە نارۆشن دەکەونەوە، چونکە بەمەبەستی پەیوەندییەکی جێگیر نیە بۆ ئەو دیمەن و دایەلۆگانەی لابراون، لەوانە لابردنی ئەو مناڵەی کە هەواڵی نەهاتنی گۆدۆیان پێدەڵێت، لەشوێنیدا ئەکتەرێک دێت پارچە قوماشێکی سپی بەسەر شانەوەیەو هیچ ناڵێت، ئەوەش دیدی فەلسەفی بیکتی پێکوژرا، بەهۆی ئەوەی منداڵەکە کە دێت پێیان دەڵێت کە ئەمشەو گۆدۆ نایەت، ئەوەش درێژبوونەوەی چاوەڕوانییە، بەڵام ئەو قوماشە سپیە تەسلیم بوونی چاوەڕوانییە بە کارەکتەر، ئەوەش دوو کردەی هاودژن لەنێوان تێکست و نمایش کە بە کوشتنی چاوەڕوانی تەواو دەبێت.
ئەمجارەیان لە (کۆتایی گەمە)ی بیکت ژیلوان زیاتر هەستی بە ترسناکی ئەو ڕووبەرە کردووە، بۆیە نایخاتە سەر شانۆ، بەڵام لەڕێگەی بازنەیەکەوە هام و کلۆف هەڵدەستێنێ بەو گەمە شانۆییە، ئەگەرچی دەبوو جوولەی ئەکتەر بازنەیی بێت نەوەک بەپێی جوولەی بیانی تەختەی شانۆ بجووڵێنەوە، ئەوە جگە لەوەی لەڕووی بارستاییەوە توانیبووی دیمەنی جوانکاری بەرز بخولقێنێت، بەڵام وێنەیەک دواتر نەیتوانی ببێتەوە بەشێک لەناو نمایشەکە، ئەوەش پەیوەست بوو بە زەوتکردنی وزەی نیل و ناگ، چونکە پێویست بوو ئەو دوو کارەکتەرە ئاوا لەناو مت بوون نەکوژرابان، بەقەد ئەوەی دەبوو لەڕێگەی جووڵەوە گوزارشتیان لەدنیای هام و کلۆف بکردایە.
خاڵێکیتر ئەوە بوو کە سێکس یەکێکە لە بابەتە پەراوێزەکانی ناو ئەو تێکستە، ئەوەش گوزارشت لە بێمانایی لە زەت و وەچە نانەوە دەکات، بەڵام دەرهێنەر بە بایەخەوە دەیویست مەسەلەی سێکس بخاتە ڕوو، ئەگەرچی مەبەستی بوو کێشەی ڕەگەزبازی دەربخات، بەڵام ئەوەش بەبێ هۆکار لەناو نمایشەکە دەمایەوە، بۆیە ئەو نمایشە توانای ئەوەی نەبوو ئاماژەو دەربڕینەکانی کۆبکاتەوە، جگە لەوەش نەیتوانی وێنەیەکی هاودژ بۆ ئەو شانۆیە بخاتە ڕوو.
لێرەدا دەتوانین دەرەنجامی ئەو نووسینە بەوە چڕ بکەینەوە، کە شانۆی ئەبسێرد تەکانێکی جدی بە شانۆی کوردی لە شاری هەولێر داوەو توانیویەتی لەڕووی بیناسازی و سینۆگرافیاوە دیمەنی شانۆیی بگۆڕێت، وەک چۆن لە دەرەوەی عەقڵی میتافیزیکی هەوڵی پرسیارە متبووەکانی ڕابردووی خستۆتە ڕوو، ئەوە جگە لەوەی توانای کچانی شانۆکاری تیا دەرکەوتووە، کە ئەوان چیتر پەراوێزی ناو نمایش نەبن، هێندەی لەناوەندگەرێتی دەربکەون.
خاڵێکیتر ئەوەیە لەلای هەریەک لە سدیق حوسێن وکرمانج مستەفا خولیا بووە بۆ هەوڵی جیاواز، بەڵام نەبۆتە پرۆژەی شانۆیی، بۆ هیوا سوعادو ژیلوان تاهیر گەڕان بوو بۆ کەشف کردنی دنیای تازەگەری، هەرچی بورهان غەفورە لەڕەهەندی جوانکاریی هەوڵیداوە دیدێکی ئیستاتیکی بە ئەرابال و بنتەر ببەخشێت، ئەوانەش وێنەیەکی ترە بۆ ئەو خولیای جێپەنجە دەرکەوتن نیشان بدەن، هەرچی مەهدی حەسەنە ئەو لەوانیتر جیاوازە شانۆی ئەبسێرد بۆ ئەو پرۆژە بووەو بە پرۆژە کاری تیا کردووە، ئەوەش پەیوەستە بە ئاگایی شانۆیی مەهدی بەو شانۆیەو درککردنی بەوەی توانای ئەو لەناو ئەو تێکستانە دەبێت بیگەیەنێتە دنیای پشکنین و دۆزینەوە و گەڕان، هەڵبەت توانیویەتی لەڕێگەی ئەزموونکردنی لەناو تێکستی نووسەرانی جیاوازی ئەبسێرد زۆر ڕەهەندی لە ئێمە شاراوەو ڕیتمی ئەو شانۆیەمان بۆ دەربخات، بۆیە ئەوەش هاوکارییەکی باشی دەکات بۆ ئەوەی زیاتر لەناو ئەو شانۆیە قووڵ بێتەوەو دیدی جیاوازتر دەربخات، کە شانۆ وەک پرۆژە ببینێت نەک خولیای بەرهەم هێنانی نمایش بێت.





# هۆڵە شانۆییەکانی هەولێر.. مێژوو و بەسەرهات



مەسعودی مەلا هەمزە

لەم نەبوونی سەرچاوەیەو کەمی دیکۆمێنتەکان لەبواری شانۆی کوردی بەگشتی و ڕەوتی شانۆ لە هەولێر بە تایبەتی قسەکردن لەسەر ئەرشیف و مێژوو کارێکی ساناو سادە نییە، لەوەش قولتر ئەوەی دەمانەوێ لێرە قسەی لەسەر بکەین مێژووی دروست بوونی هۆڵە شانۆییەکانە لە هەولێر.

ئەگەر هیچ دیکۆمێنتێکی روون لەبەر دەست نەبێ لەبارەی مێژووی وردی شانۆ، ئەوا زۆربەمان ئەوە دەزانین کە یەکەم شانۆگەری لەشاری هەولێر لە ساڵی "1921" بەناوی شانۆگەری "سلاحەدینی ئەیوبی"(1) لەسەر شانۆی نمایشکراوەو دوای ئەوەش بەتێپەڕبوونی زەمەنێک و بەبێ ئەوەی هیچ دیکۆمێنتێکی نووسراو هەبێ زیاتر لە سێ دەیە تێپەڕ دەبێ و باس لە نمایشکردنی شانۆگەری "ئۆتێللۆ"ی شکسپیر دەکرێ، کە لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئەربیل ئولا لە ساڵی 1952 نمایشکراوەو جەواد ڕەسول ناجی کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامداوە، تا ئەوساتەش هیچ هۆڵێکی پرۆفیشناڵی شانۆیی لە هەولێر بوونی نەبووە.

دوابەدوای ئەوەو تەنها بە تێپەڕبوونی شەش ساڵ لەشاری هەولێر و لە گەرەکی ئیسکانی ئێستا هۆڵی گەل لەساڵی 1958 دروستکراوە، وەک هونەرمەندی کۆچکردوو سەفوەت جەراح لەمیانی دیدارێکیدا دەڵێ "لەسەرەتای دروست بوونی هۆڵی گەل ئەم هۆڵە تەنها هۆڵێکی فلات بوو، بینەران لەسەر تەنەکە دادەنیشتن و سەیری نمایشە شانۆییەکانیان دەکرد"(2).

سەفوەت جەراح ئاماژەش بۆ ئەوەدەکا دوای ئەو قۆناغە لەکاتی نمایشە شانۆییەکان بۆ بینەران کورسی لە یاریگای وەرزشی هەولێر هێنراوەو دوای تەواوبوونی نمایشەکان کورسییەکان گەڕێنراونەتەوە شوێنی خۆیان".

لەوانەیە باسکردن لە هۆڵێکی مێژوویی و گەورەی وەک هۆڵی گەل کارێکی ئاسان نەبێ، بەڵام هیچ یەکێک لە ئێمە ئەوەی بیر ناچێتەوە کە هونەرمەندانی نەوەی حەفتاکان و هەشتاکان باس لەوە دەکەن چەندین جار لەبەر زۆری بینەر دەرگای ئەم هۆڵە شانۆییە شکێنراوەو چاککراوەتەوە، لەم دواییەشدا ئەم هۆڵە بە یەکێک لە هۆڵە خراپ و وێرانەکانی هەولێری پایتەخت دادەنراو زۆرجاریش باس لەوە دەکرا کە چەندین جار بودجە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو هۆڵە تەرخانکراوە، وەلێ وەک پێویست خزمەتی نەکرابوو، ببووە یەکێک لە هۆڵە خراپەکانی هەولێر، وەلێ پارساڵ و لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر بەشێکی ئەم هۆڵە نۆژەن کرایەوەو ئەمساڵیش هەمدیسان لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر ئەم هۆڵە بە شێوەیەکی مۆدێرن و جوان نۆژەن کراوەتەوە.

دیارە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بگرە تا کۆتایی نەوەدەکان و هەندێکجار لە ئێستاشدا جگە لە نمایشی شانۆیی ئەم هۆڵە چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگی گۆرانی و میوزیکی تێدا ئەنجامدراوەو بەشێک لە میوزیکژەنان دەڵێن بە هەمان شێوەی شانۆکاران ئێمە ئەو هۆڵە بە یەکێک لە هۆڵە شیاوەکان دەزانین بۆ سازکردنی کۆنسێرت تیایدا.

بەگوێرەی ئەم سەرچاوانەی لەبەردەستن و دوای ئەوەی قوتابخانەی ئەربیل ئولا کرایە بنکەی پۆلیس و لە ئێستاشدا بڕیاردراوە بکرێتە مۆزەخانەی پەروەردەیی، بۆیە هۆڵی گەل بە کۆنترین هۆڵی شانۆیی لە هەولێر دادەنرێ و هونەرمەندانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە ئێستادا شیاوترین هۆڵ بۆ نمایشی شانۆیی لە هەولێری پایتەخت هۆڵی گەلە.

دوای تێپەڕبوونی زیاترلە بیست ساڵ بەسەر دروستکردنی ئەم هۆڵە، حکومەتی ئەوکات لە سەرەتای هەشتاکان هۆڵی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر دروستکرد، کە ئەوکات ئەو هۆڵە بە "سەقافەی جەماهیری" ناسراو و تا ئێستاش هۆڵەکە ماوە، وەلێ ساڵانێکی زۆرە ئەم هۆڵە هیچ چالاکییەکی تێدا ئەنجام نادرێ و دەگوترێ شیاونییە بۆ نمایش و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

دوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک بەسەر دروستکردنی هۆڵی گەل و نمایشکردنی چەندین بەرهەمی شانۆیی و سازکردنی چەندان کۆنسێرت تێیداو دوای 3-4 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دروستکردنی هۆڵی ڕۆشنبیری، لە شاری هەولێر و لەنزیک هۆڵی گەل و ساڵی 1983 دەستکرا بە دروستکردنی هۆڵی

میدیاو لە ساڵی 1984 ئەم هۆڵە کۆتایی پێهات و "عەبدولئەمیر محەلا" وەکیلی وەزیری ئەواکی رۆشنبیری عێراقی هۆڵەکەی کردەوە.(3)

هونەرمەند جەمال دیلان کە ئێستاش فەرمانبەرە لە هۆڵی میدیاو خۆی واتەنی ئەوکاتیش لەکردنەوەی ئەو هۆڵە ئامادەبووە باسی لەوەکرد کە ئەندازیاری سەرپەرشتیاری ئەم پرۆژەیە رەشید خدر سورچی بووەو هۆڵەکەش 850- 900 کورسی تیایەو دوو نهۆمە، زیاترین ئەو چالاکییانەی لەو هۆڵە ئەنجامدەدرێ چالاکی میوزیکی و گۆرانییە، وەلێ لە پاڵ ئەوەشدا لە مێژووی دروستکردنییەوە تاکو ئێستا چەندان نمایشی شانۆیی لەو هۆڵە پێشکەش کراوە.

جیا لەم سێ هۆڵەی لە سەرەوە باسمکرد، هۆڵێکی تر لە هەولێر بوونی هەیەو کەمتر لە هۆڵەکانی تر ناوی هەیە، وەلێ ئەویش خاوەن مێژوویەکی پڕ سەروەرییە ئەویش هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێرە، کە لەگەڵ دروستکردنی باڵەخانەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئەم هۆڵە لە ساڵانی هەشتا بەشێوەی فلات دروستکراو دواتر لە ساڵی 2010 لەسەر ئەرکی پارێزگای هەولێر کرایە هۆڵێکی شیاوی شانۆیی، کە زۆربەی کات نمایشی شانۆی منداڵان و کۆنسێرتی گۆرانی و میوزیکی منداڵانی تیادەکرێ و هۆڵەکەش لە 2010/3/1 کرایەوە(4).

ئەگەرچی لەدوای راپەڕین و لەساڵی 1992 پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە هەولێر دامەزراو کرایەوەو سەرەتا دەوامی پەیمانگا لە ئامادەیی زەهرای کچان بوو و دواتر چەند شوێنێکی تری کردو دوای نزیکەی چوار ساڵ لە دروستبوونی پەیمانگا، دەوامی پەیمانگاکە چووە شوێنی ئێستای کۆلێژی هونەرەجوانەکان و لە ساڵی 1996 دەستکرا بەدروستکردنی هۆڵێکی شانۆیی لەو پەیمانگایەو لە ساڵی 1997 کۆتایی پێهات، هاوشانی هۆڵی گەل بەشێک لە هونەرمەندان ئەم هۆڵە بە هۆڵێکی ئەکادیمی بۆ شانۆ دەزانن و تا ئەوکاتەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەو باڵەخانەیە بوو زۆربەی نمایشەکانی تێزی دەرچوونی خوێندکاران لەوێ نمایش دەکران و لە ئێستاشدا کۆلێژی هونەرەجوانەکان لەو باڵەخانەیەن و بە بەردەوامی نمایشی تێزەکانی خوێندکارانی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لەو هۆڵە نمایش دەکرێ(5).

بچووکترین هۆڵی شانۆیی لە هەولێر، کە زۆرجار بوونی ئەم جۆرە هۆڵانە زەرورەتێکە بۆ رەوشی شانۆ، ئەویش بۆ کاری شانۆیی تایبەت و نمایشی مۆنۆدراما، ئەویش هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ هونەری شانۆی هەولێرە، کە لە ساڵی 2007 دەستکرا بە دروستکردنی و لەساڵی 2008 کۆتایی پێهات و لە سەرەتادا هۆڵێکی فلات بوو، دواتر لە ساڵی 2010 نۆژەنکرایەوەو ئێستا یەکێکە لە هۆڵە شانۆییە باشەکانی هەولێر و زۆرجار بۆ نمایشی منداڵان و هەندێکجار بۆ سازکردنی وۆرک شۆپی شانۆیی و نمایشکردنی



مۆنۆدراما بەکاردەهێنرێت.

ئەم گرنگە لێرە ئاماژەی پێ بکرێ باڵەخانەی ئێستای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرە، کە بەداخەوە هیچ هۆڵێکی تایبەتمەندی شانۆیی تیانییەو زۆرجار خودی پەیمانگا بۆ نمایشەکانیان پەنا دەبەنە بەر هۆڵەکانی تری شانۆ لە هەولێر.

**پەراوێزەکان:**

(1) دەربارەی مێژووی یەکەم نمایشی شانۆیی لە هەولێری پایتەخت، کە شانۆگەری سەلاحەدینی ئەیوبییە، چەند رایەکی جیاواز هەیەو بەشێکیان دەڵێن ساڵی 1918 نمایشکراوەو بەشێک دەڵێن لە 1920 و بەشێکیش دەڵێن لە 1921 نمایشکراوە، ئەگەرچی جیا لەو رایانە فەرهاد پیرباڵ لە کتێبی کرۆنۆلۆژیای شانۆی هەولێر باسی ئەوە دەکا کە یەکەم شانۆگەری لە شاری هەولێر لە ساڵی 1905 نمایشکراوە، وەلێ تا ئێستا بەڵگەیەکی روون و ئاشکرا لەبەردەست نییە بۆ سەلماندنی ئەم مێژووە.

(2) تا دڵ دەوەستێ- ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەند سەفوەت جەراح، ئا: مەسعودی مەلا هەمزە- 2010- هەولێر- چاپخانەی هێڤی

(3) قسەکردن و وەرگرتنی زانیاری لە جەمال دیلان، کە تا ئێستاش فەرمانبەرە لەو هۆڵە.

(4) قسەکردن و وەرگرتنی زانیاری لە هوشیار مەرجان بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر.

(5) قسەکردن و وەرگرتنی زانیاری لە مەهدی حەسەنی دەرهێنەر، کە ئەوکات خوێندکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر بووە.

(6) ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکەم و وەک زانیارییەک بیخەمە بەردەستی ئێوەی خوێنەری بەڕێز، چەند زانیارییەکە لەسەر هۆڵەکانی هەولێر لەڕووی رووبەڕووەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە

هۆڵی گەل: درێژی تەختەی شانۆی ئەم هۆڵە 10 مەترەو پانییەکەی 13 مەترەو 8 مەتر بەرزییەکەیەتی.

هۆڵی رۆشنبیری: درێژی تەختەی شانۆی ئەم هۆڵە 13 مەترەو پانییەکەی 12 مەترەو 10 مەتر بەرزییەکەیەتی.

هۆڵی میدیا: درێژی تەختەی شانۆی ئەم هۆڵە 13 مەترەو پانییەکەی 10 مەترەو 8.5 مەتر بەرزییەکەیەتی.

هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ: درێژی تەختەی شانۆی ئەم هۆڵە 10 مەترەو پانییەکەی 4 مەترە.



# تیپ و گرووپە شانۆییەکانی هەولێر

**شانۆی هەولێر**

قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای شانۆ لە هەولێر و کاریگەری تیپ و گرووپە شانۆییەکان لەسەر ئەم رەوشە قسەیەکی زۆر هەڵدەگرێ و ناکرێ بە سانایی بەسەریدا تێپەڕین.

لەمڕۆی گۆڕەپانە شانۆییەکەدا ئەوەندەی قسە لەسەر هەبوون یا نەبوونی قەیرانی شانۆ دەکرێت، نیو ئەوەندە قسە لەسەر نمایشە شانۆییەکان و ئاستی نمایشەکان دەکرێ، بەشێک لە هونەرمەندان رایان وایە شانۆ لە قەیراندایەو بەشێکیشیان پێیانوایە شانۆکاران لە قەیراندان و بەردەوام زوڵم لە بینەران دەکەن.

ئەگەرچی ئەم وتارە شوێنی ئەوەنییە بە تایبەت باس لە قەیرانی شانۆ بکەین، وەلێ دەکرێ بوونی ئەو تیپانە ببەستینەوە بەو قەیرانەو کاریگەری ئەوان لەسەر بوون یا نەبوونی ئەو قەیرانە.

بەدرێژایی قۆناغی راپەرین باس لە قەیران دەکرێت لەگەڵ ئەو باسەشدا بە بەردەوامی تیپ و گرووپی شانۆیی درووست دەبێت و نمایشی شانۆیی بەرهەم دێنن، رەنگە ئێمە هەمیشە رووبەرووی ئەوە ببینەوە کە ئاخۆ ئەو تیپانە بەشێکی سەرەکین لە قەیرانەکە؟

ئەی ئەگەر وابێت جگە لە تیپەکان کێ توانای رزگاربوونی هەیە لە قەیران؟ ئاخۆ ئەو دەمەی بزووتنەوەی شانۆیی چالاکمان هەبووە لە حەفتاکان و هەشتاکان بەرهەمهێنەری نمایشەکان هەر تیپ و گرووپە شانۆییەکان نەبوونە؟ دەشێت ئەو وتارە دەرفەتی ئەوە بەخۆی نەدات قسە لەسەر ئەو پرسیارانە بکات بەڵام دەتوانێ لەرێگەی گەڕانەوە بۆ کارێکی ئارگۆمێنتی بەشێک لە وەڵامی پرسیارەکانی دەست بکەوێت.

ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دامەزراندنی تیپی



شانۆیی لە هەولێر، ئەوا دەبێ بەخێرایی بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان و دامەزراندنی تیپی هونەری هەولێر و کردنەوەی لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی، کە ئەوەیان لە ساڵی 1972 کرایەوە.

دوابەدوای ئەوانەو بە تێپەڕبوونی کات و زیاتر هاتنە ناوەوەی شانۆکاران، چەندین تیپی شانۆیی دامەزران، کە بەشێکی ئەو تیپانە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو دامەزران و زیاتر خەریکی کاری ئەزموونگەری بوون.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی بکەم و بیخەمەروو، ناو و چالاکی ئەو تیپە شانۆییانەیە کە لە ئێستادا لە وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتیان هەیەو کاردەکەن، کە بریتین لە"کۆمەڵەی هونەروویژەی کوردی، کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد- لقی هەولێر، تیپی هونەری رۆژ، تیپی نواندنی هەولێر، گرووپی گەنج بۆ شانۆ، تیپی نواندنی دڵپاک، تیپی شانۆی منداڵان- هەولێر، تیپی شانۆی بینین، تیپی هونەری هەولێر، گرووپی شانۆڤانی کورد، تیپی هونەری شانۆی تیشک، تیپی شانۆی ئازاد، تیپی شانۆی بەڵێن، گرووپی شانۆی سەردەم، تیپی شانۆی شەهید جەوهەر" ئەگەر بەوردی سەیرێکی ئەم ناوانە بکەین و بە گریمانەیەک بڵێین ئەگەر ئەو تیپانە هەریەکەیان ساڵی بەرهەمێکی شانۆیی نمایش بکەن، کەواتا هیچ مانگێک هۆڵەکانی هەولێر بێ نمایش نابن، بەڵام بەداخەوە لەو لیستەدا بەشێک لە تیپەکان بەهیچ شێوەیەک چالاکیان نییەو ئەو بودجەیەی وەریدەگرن تەنها بۆ گیرفان پڕکردنەو هیچی تر.

ئێمە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین لە ناوهێنانی ئەو تیپانە دەبێت ئەو تیپانە بەشێکی سەرەکی بن لەو قەیرانە شانۆییە، چونکە ناکرێ ئەو گروپە شانۆییانە خاڵی بن لەو ئیشکالیەتەی ئەمڕۆ شانۆی تێ کەوتووە، بۆیە ئێمە لە سۆنگەی هەست بە بەرپرسیاریەتییەوە ئەوە دەخەینەروو، کە ئەو تیپانەی لەرووی ستراتیژیەتی نمایشی شانۆییەوە لەیەکەوە نزیکن دەشێت کۆنفرانسی یەکگرتن لەگەڵ یەکتری ببەستن چونکە ئەوسا تواناکانیان لەناو چەند تیپێک چڕ دەبێتەوە بەوەش دەتوانن کاری گەورەو داهێنەرانەمان پێشکەش بکەن.





# شانۆکارانی هەولێر لەبەردەم ئاستەنگەکانی شانۆدا

**ئا: شانۆی هەولێر**

بزووتنەوەی شانۆیی لەشاری هەولێر سەرباری کارکردنی شانۆکاران، بەڵام ئەو شەپۆڵە لە نمایشی شانۆیی توانای بەخشینی بزووتنەوەیەکی چالاکی نییە، ئەوە لەکاتێکدا جگە لە تیپە شانۆییەکانی شارەکە دەزگایەکی تایبەت بەشانۆ بەناوی بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆ لەشارەکە هەیە لەپاڵ بوونی کۆلێژی هونەرەجوانەکان و پەیمانگای هونەرەجوانەکان، کە هەریەک لەو دامەزراوانە لەشانۆدا کار دەکەن و لەهەر وەرزێکدا چەندین نمایشی شانۆیی بەرهەم دێنن، دیارە شانۆ لەهەولێر هیچ کاتێک وەک ئێستا نەچۆتە ناو ئەو دۆخی بێدەنگیەوە، مێژووی ئەو بزووتنەوە شانۆییە ئیشکردن بووە لەناو تێکستی خۆماڵی و لەکۆتاییەکانی هەشتاکاندا چەند هەوڵێکی شەرمن بۆ شانۆی ئەزموونگەری دراوە، دواتر لەناوەڕاستی نەوەتەکانەوە بزووتنەوەیەکی شانۆی لاوان لەسەر دەستی کۆمەڵە لاوێکی شانۆیی دەستی پێکرد، کە ماوەی دە ساڵی خایاند، ئەمڕۆ لەگەڵ کارکردنی بەردەوامی ئەو لاوانە بەڵام هەمووان بیانووی سستی ئەو بزووتنەوەیە بۆ چەندین هۆکاری تایبەت دەگەڕێننەوە، ئێمە لە گۆڤاری شانۆی هەولێر بەمەبەستی گفتوگۆکردن و ئاوڕدانەوە لەو سستیەی بەرۆکی شانۆی هەولێری گرتووە، پرسیارێکمان ئاراستەی چەند




شانۆکارێک کرد بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ شانۆکارانی ئەو شارە خۆیان لەسەر کێشەکە بێنە گۆ، بۆیە پرسیمان : شەپۆلێک بزوتنەوەی شانۆیی ئامادە بوونی هەیە، کەچی نەتوانراوە شانۆ لەو ئاستەنگە تێدا رزگار بکرێت؟

**مەهدی حەسەن:**

راستە ئێمە نمایشی شانۆیی زۆر دەبینین، بەڵام ئەم نمایشانەی کە دەمانەوێ ببینین نایبینین، هەوڵی جدی لەکاری شانۆیی سست بووە، ئەوەی من لەسەرەتای نەوەدەکانەوە دەمبینی ئێستا نایانبینم، ئەو کات خەمێک هەبوو. بەرامبەرەکەت زیاتر لێی وەردەگرتی و لێی داوا دەکردی، بەڵام ئێستا من لە وەرگرەوە هەست بە خەلەلەکان دەکەم، پاشان لە نمایش و دەرهێنەر و نووسەر واتە تەواو پێچەوانە بۆتەوە لای من.

دوای ئەوەش سەیر دەکەین هونەرمەندان خۆیان لە چەندین کەناڵی تر کار دەکەن، ئەو کەناڵانەی تر لەکاتی بیرکردنەوە و خۆ تەرخان کردنیان بۆ هونەری شانۆ کەم دەکاتەوە، شانۆکاری جدی کاتی جدی دەوێ، ئەگەر

هونەرمەند کاتی تەواوی بۆ تەرخان نەکات دابڕان دروست دەبێت، هەموو دابڕانێکیش داهێنان کەم دەکاتەوە، کە داهێنانیش نەبوو نمایشەکان بەو شێوەیە دەبن کە دەیانبینین.

**یونس عوسمان:**

پێوەری شانۆ چییە؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی توانای کردنەوەی هەموو گرێیەکانی هەیە و زەمینە خۆشکەرە بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگەی کە زۆرجار بەقەیران ناو دەبردرێت. بێگومان ئەگەر شانۆ چڕ بکرێتەوە لە دوو رەگەزی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە نمایش و بینەر کە رۆڵی هیچ یەکێکیان لەوی تر کەمتر نییە، بینەر چاوێکی کراوەو دوور بینە لە تێڕوانینی بۆ بابەتەکان، چونکە بینەری شانۆ هەموو چین و توێژێک و هەموو ئاستێک لەخۆ دەگرێت.

گومانیش لەوە نییە کە نمایش لایەنی پێشکەشکارە، لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە وەزیفەی بینەر وەرگرتن و وەزیفەی نمایش بەخشینە. کەواتە بینەر بەو پێیەی کە وەرگرە هەمیشە ئارەزووی بینینی کاری بەپێزە، بەدوای بابەتێک دەگەڕێت کە لەگەڵ ژیانی تەریب بن و لێی جیا نەبنەوە، لەبەر ئەوە دەبێ شانۆکار کە نمایشەکە ئەنجام دەدات بەدوای ئەو بابەتانەدا بگەڕێت کە سەرنجراکێشن و کاریگەریان هەیە لەسەر بینەر، رەنگە ئەم بۆچوونە لای کەسانێک وا شی بکرێتەوە کە دەبێ ئێمە لەگەڵ بینەرو بەپێی میزاجی ئەوان کاربکەین، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە بابەت هەمیشە بابەتی بینەرەو راستەوخۆ پەیوەندی پێیەوە هەیە ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ شانۆکار شێوازی چارەسەرکردن و چۆنیەتی رێکخستنیەتی، روانینێکە بە دیدی شانۆکارەکە کە لە چوارچێوەی نمایشێکدا ئەنجامی دەدات.

ئەگەر هاتوو بەم شێوازە کارەکان ئەنجام بدرێن پێم وایە تا ئاستێکی زۆر سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام گەر هاتوو شانۆکاران تەنها بۆ خۆیان کاریان کرد و بینەریان خستە پەراوێزەوە بەبیانووی ئەوەی نووسەری باشمان نییە یاخود کەمە. بێگومان کارەکان کرچ و کاڵ دەبن و نابنە سەرچاوەی چێژ و زانیاری بەخشین، شانۆکار پێویستە هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی ئەو دەق و بابەتانەی کە گووتارێک هەڵدەگرن، پێویستە هەموو هەوڵێکی لەگەڵ ئەمڕۆ ببەستێتەوە، مەرج نییە هەموو کات دەقی باش و گونجاوت دەست کەوێ پێویستە خۆت هەوڵی بۆ بدەی، بۆ نموونە زۆرجار بینیومانە هەندێ لە دەرهێنەران پەنایان بردۆتە بەر ئامادەکردن لە (چیرۆک، رۆمان، قەسیدە ....هتد) مەرجە بابەت بینەر رابکێشێ و گفتوگۆ دروست بکات لە نێوەندەکاندا نەک بابەتێکی بێ نرخ بێت و راستەوخۆ دوای تەواو بوونی نمایشەکە لە یادەوەریدا رەش بێتەوە، کەسانێک بەچاوێکی بازرگانیەوە سەیری شانۆ دەکەن. یا زۆر جار شانۆکاران بۆ هەڵبژاردنی دەقەکانیان پشت بە ناو دەبەستن نەک ناوەرۆک هەمیشە روو لەو کەسانە دەکەن کە ناوبانگیان هەیە بەو پێیەی کە کاری چاکیان ئەنجام داوە یا بەرهەمی ئەدەبی باشیان نووسیوە، یا بابەتی کەسانێک هەڵدەبژێرن نزیکی و هاورێیەتی یا بەرژەوەندیان لەگەڵ کەسەکە دەکەنە پێوەر پاشانیش ئەگەر نمایشەکە باش نەبوو بینەر دەکەنە فاکتەری سەرنەکەوتنی کارەکە گوایە بینەر روو لە هۆڵەکان ناکەن، ئەمە قسەیەکی برناردشۆم بیردەخاتەوە کە دەڵێ "کاتێک پیاوی گەوج لە کارێک کە دەیکات شەرمەزارە، پۆزش هەمیشە لە جێی خۆی دادەنێت" لەبەر ئەو هۆکارە کە من بە سەرەکی دەزانم و چەندین هۆکاری تری لاوەکی. خودی شانۆکاران بە کەمتەرخەم و لاواز دەبینم هیوادارم هەوڵەکان تەنها بۆ خزمەت کردن بن.



**کارۆخ ئیبراهیم حەکیم:**

لە سەرەتادا پێسوستە ئەوە بڵێم کە بە بوونی کۆمەڵێک نمایشی شانۆیی ناتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە ئایا بزووتنەوەیەکی شانۆیی هەیە یان نا؟ چونکە ئەوە خۆی پرسێکە پێوستی بە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە کە بڕیاری لەو جۆرە بدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی لەو جۆرە بدەینەوە، گریمانەی ئەوە بکەین کە بزووتنەوەیەکی شانۆیی بوونی هەیە، بە گوێرەی ئەو پرسیارەش بێت ئەو بزووتنەوە شانۆییە نەیتوانیوە زاڵ بێت بەسەر تەگەرەکانی بەردەمی و شانۆی بە ئاقارێکی دروستدا نەبردووە.

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە شانۆ لە ئاستەنگدا بێت، چونکە پەیامی سەرەکی هەر شانۆیەک سەرکەوتنە بەسەر تەگەرەکاندا، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو تەگەرانەی کە لە دەرەوەی پرۆژەیەکی شانۆیی هەن بۆ ئەوەی لە پەیام و مەبەستی شانۆیەک بدەن، تایبەت نین بە خودی شانۆ، بەڵکو تایبەتە بە خودی ئەو عەقڵیەتەی بەدەرە لە بیرکردنەوەیەکی حەکیمانە بۆ رێگەگرتن لە هەموو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دروست بوونی ئاستەنگەکان، جا هۆکارەکان خودی شانۆکاران بن یان کەسە

ئیداری و پەیوەندیدارەکان بەو مەسەلەیە بن کە تەگەرە دەخاتە بەردەم هەر پرۆژەیەکی جدی کە پەنجە بخاتە سەر خاڵە لاوازەکان و چارەی گونجاویان بۆ دەدۆزێتەوە.

ئەوەی زۆرجار ناوندە هونەرییەکەی شانۆ تووشی سەرسوڕمان دەکات ئەو بەرزی و نزمیەی وزەی نمایشە شانۆییەکانە کە هەستی پێدەکرێت و تا رادەی ئەوەی بینەرێکی ئاسایی شانۆش لێی تێبگات و درکیان پێ بکات، پرسیار نەکردنی خودی شانۆکاران و نەگەڕانیان بە دوای وەڵامەکان پرسێکیتری گرنگە کە پێویستە لەسەری بوەستین و گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکەین، بەڵام گرنگتر لەوە کام دەرەنجام تەواوی ئەو ئاستەنگانە دیاری دەکات و چارەسەری دەرەنجامەکان چین کە دواتر هەموو ئاڵۆزییەکان بەرەو ئاقارێکی بەرفراوانتر دەبات، من پێم وایە بەر لە دیاری کردنی هەر خاڵێک و دەست نیشان کردنیان لە دەرەوەی بازنەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیەکی زانستیانە قسە لەسەر خودی ئەو لایەنانە بکەین کە خاوەن بڕیاردانن لەسەر ئەنجامدانی ئەو نمایشانەی پێشکەش دەکرێن، ئاستەنگ لەوەدا دەست پێدەکات رێگە بە هەموو کارێکی شانۆیی بدرێت جا پەیامدار بێت یان بەدەر بێت لە پەیامەکە بۆیە وەڵامەکەم لە چەند خاڵێک کۆدەکەمەوە و دیارییان دەکەم:

**هۆکارەکانی ئاستەنگ لای شانۆکاران:**

1- نەبوونی پەیامێکی راستەقینە کە دواتر دەبێتە هۆکاری پێشکەش کردنی بەرهەمێکی کرچ و کاڵ و خاڵی دەبێت لە هەموو ئەو ئامانجانەی مەبەستیەتی بیگەیەنێت.

2- نامۆ بوونیان بەمێژوو و ئەو هەڵ و مەرجە یەک لە دوای یەکانەی لە هەموو لایەنەکان تووشی واقیعی خۆی و دەوروبەری بووەو دوورکەوتنەوەی لە هەموو ئەو پرسانەی کە پێویستە پێشتر درکی پێبکات و شیکارییانە قسەی لەسەر بکات.

3- شۆڕبوونەوەی بۆ حەزەکانی بینەر، بە واتای خاوەنی حەزێکی هونەرییانەی خۆی نییە، ئەمەشە دەبێت هۆکاری ئەوەی شۆڕ بێتەوە بۆ حەزەکانی بینەر و یاری لە نێو بازنەی بەرامبەردا بکات.

4- نەبوونی رایەکی زانستیانەی دوور لە رایە زاتییەکان، ئەمەش هۆکاری تێنەگەیشتنێکی تەواوە و خولانەوەیەکی بەردەوامە لە نێو بازنەی خۆیدا.

5-نەبوونی قودرەتی دروست بوون لە کادیری شانۆیی و سەرفکردنی ئەو وزەیەی لە ئەنجامی بوونی



لایەنێکی خۆڕسکی کۆی کردۆتەوە وا دەکات کەسێکی بەخشکەر بێت دوور لە کۆکردنەوەیەکی تەواو و بەردەوام بۆ گەنجینەی عەقڵی خۆی.

6- نەبوونی پەیوەندییەکی تەواو و پتەو لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا و ژینگەیەی تێیدا دەژیت، ئەویش بەبەکارهێنانی بەردەوامی بیرۆکە و بابەتی دوور لە واقیع و ژینگەو کۆمەڵگای خۆی.

ئەمە چەند خاڵێکن کە من بە خێرایی بەسەریاندا تێدەپەڕم و دیاریان دەکەم، ئەگەر لە هۆکارەکانی تری دەرەوەی بازنەی شانۆکاران سەیری بکەین وەکو یەکە ئیداری و لایەنە پەیوەندیدارەکان، چەندین هۆکار و خاڵ دیاری بکەین دەرەنجام خۆی لە رستەیەکدا دەبینێتەوە ئەویش(نەبوونی عەقڵیەتێکی باشی زانستیانە بۆ پرۆژە جدییەکانی شانۆ لەلایەن کەسە ئیداری و پەیوەندیدارەکان کلیلی کردنەوەی دەرگای ئاستەنگەکانە لەبەردەم هونەری شانۆ)، ئەگەر لە گۆڕەپانی سیاسیش سەیری مەسەلەکان بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە حاڵی ئێستای هونەری شانۆ بە دڵ و خواستی ئەوانەو بە ئاستەنگانەی ئێستای بەردەم شانۆ رازین، ئەگەر نا تا ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی درکی بەوە نەکردووە کە خودی خۆی سەرۆکی هەرێمێکە خاڵیە لە هۆڵێکی شانۆیی پرۆفیشناڵ، نەک تەنها هۆڵی شانۆ بەڵکو هۆڵی سینەماو موزیک و گەلەری شێوەکاریش، ئەمانە هەمووی بە هەر جۆرێک بن کاریگەری خۆیان دەکەنە سەر بوارەکە جا بە مەودایەکی بەرفراوان بێت یان تەسک.

بەڵام لەگەڵ جووڵانەوەی هەندێک لە شانۆکارە جددییەکان کە لە هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و دهۆک دەبینرێن گەشبینم، جۆرێک لە سەبر و ئارامیشی پێبەخشیوین، دڵنیام ئاستەنگەکانی ئەمڕۆمان لە دوێنێ بە ژمارە کەمترن، ئەمەش لەسەر دەستی شانۆکارە جددیی و راستەقینەکانەوە کاری لەسەر کراوە نەک لەسەر دەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان، چونکە من پێم وایە کلیلی چارەسەر کردنی ئاستەنگەکان لە دەستی شانۆکارە

پەیماندارەکانە کە دواتر بە کارە جدییەکانیان وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە ماوەیەکی زۆرە ئاراستەی شانۆکاران دەکرێت.

دیار عومەر:

دەکرێ بڵێین شانۆکاران تاچەند خۆیان بەتەنگ خەمی خۆیاندا چوونەو پرسە گرنگ و قەیراناوییەکانیان زەق کردۆتەوە، یان هەوڵی چارەسەری ڕاستیان بۆ داوە، ناکرێ پەنا بردنە بەر مادە لەو قەیرانەی ئێستا بێبەش بوونی هەبێت، لەسەرەتای نەوەدەکان کێشەی شانۆکاران تەنانەت



مادده بوو قەیرانەکەش هەر بۆ مادده دەگەڕێنرایەوە، بەڵام ئێستا سەربباری بوونی مادەی زۆر و بوونی چەند مینبەرو پەنجەرەی زۆرتر و ئەنتەرنێت بەتایبەت، بەڵام شانۆ لەپەککەوتووی خۆی سەلماندووە، ناکرێ ئێمە چەند کارێکی لاوازی شانۆیی بە جووڵەی شانۆ ناوبەرین، کە لەچەندین لایەن لاوازییەکی ئەوتۆی پێوە دیارە کە هەست دەکرێ تەنیا پاڵنەرە مادییەکان نەبێ هیچیتری لە پەناوە نییە.

ئەو بڕە پارەی ئێستا بۆ هەندێ لە هونەرمەندان سەرف دەکرێ بەڕاستی نامەعقوولییەکی بەکاری شانۆیی داوە بگرە من بەیەک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی قەیرانی شانۆ لە ئەمڕۆی ئێستای کوردستان دەیبینم، دەکرێ شانۆ بە بڕە پارەیەکی ئێکجار کەم بکرێ گرنگ لایەنی تەکنیکی و هونەری بگرە سینۆگرافیای شانۆییەکە لە ئاستی جیاتر لەوەی

کە بڕە ماددەکەی بۆ سەرف کراوە باشتر بێ. بەڵام وانییە، ئایا هیچ کەسێک جیاوازی لەنێوان ئەم کارە شانۆییانە کردووە کە پارەیەکی خەیاڵاویان بۆ سەرف کراوە لەگەڵ ئەو کارانەی کە بەبێ پارە یان بڕە پارەیەکی کەم نمایش کراون. سەرباری بوونی پارەی تایبەت بۆ ئەو تیپانەی کە مۆڵەتی یاساییان هەیە ئەویش جیاوازییەکەی زۆری لە نێوانیان هەیە. بەڵام ئاستی کارکردنی هیچ کام لەو تیپانە نەیانتوانیوە شانۆ پەلکێشی پانتاییەکی ئارامتر لەو فەوزایەی ئێستا بکەن و

بگرە کەمێک لە تیپەکان خۆیان بە قەیرانەکە دەزانم و تەنیا پارە دابەشکردنە و هیچیتر نا.

شانۆکاریش وەک گەڕۆکێک ئەبێ سەر بەهەموو ژوورێکی زانیاری بکات و بەردەوام خەریکی پەروەردەکردنی خەیاڵی خۆی بێ و هەوڵی خۆدەوڵەمەند کردنی لە بواری زانیاری تایبەت بە شانۆ بدات، کە من پێم وایە ئێستا کارئاسانی زۆر زۆرترە لە سەرەتای نەوەدەکان بوونی سەدان ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لەهەمووی گرنگتر خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێتە هەموو دەرگاکان واڵان بەڕووی شانۆکاران، بەڵام تەماڵی و سستی و لاوازی زۆربەی هەرە زۆری شانۆکارەکان بناغەی ئەو قەیرانەی ئەمڕۆی شانۆ پتەوتر دەکەن، نەبوونی زانیاری و گەڕانی تەواوی شانۆکاران شڵەقانی ئەو گۆمە مەنگەی لە مەحاڵی نزیک کردۆتەوە، بە مەترسییەکی گەلێک

گەورەی دەزانم، ناکرێ ئێمە شارەزای سەدان قوتابخانەی شانۆیی ئێستا نەبین و نەزانین ڕەورەوەی شانۆ لەچ خولێکدایە، دڵشاد مستەفا دەڵێ"شانۆکاران کام میکانیزمیان بەگەڕ خستووە بۆ خوێندنەوەی دۆخی خۆی و دواتر بزواندنی بونیادی چەق بەستووەکان؟"

هەرچەندە تاکە تاکە هەوڵی باشدراوە، بەڵام نابەردەوامی هەوڵەکان دەیانگەڕێنێتەوە هەمان چەقی جارانیان. لە هەولێر چەند هەوڵێکی باشم بینی کە ئەزموون و خوێندنەوەی چەند هونەرمەندێکی جیهانی و چەند هونەرمەندێکی کوردیش کە لە قوتابخانە شانۆییەکانی ئەوروپا دەرچوونە.

وەک ئەوەی خەرمان هیرانی و ئەو نمایشانەی دەقەکانی برێخت کە ئەمانە بەلای منەوە شتی زۆر تازە بوون، بەتایبەت ئەوەی برێخت کە خۆم بەو شێوەیە لە کارەکانی برێخت نەگەیشتبووم، بەڵام دووبارە سوود وەرگرتنمان و بەکار نەهێنانی ئەو تێڕوانینە تازانەی لەلامان گەڵاڵە بووە هیچ خزمەتێک بە شانۆ ناکات.

شتێکیتر کە بوونی نییە لە نێوەندی شانۆ ئەویش دایەلۆگ و گفتوگۆی نێوان تیپ و شانۆکاران کە بەهیچ شێوەیەک ئامادەی گفتوگۆکردن نابن، بیرورا گۆڕینەوە بە پاڵنەرێکی باش دەزانم بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە شانۆییەی ئەمڕۆ. پەستی من لەوەدایە کە نمایش هێشتا نەکراوە کۆمەڵێک زەڕبی بەسەردا دەهێنن و ڕەخنەی پڕوپووچ دەگیرێ، بنەمای ئەو ڕقەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کۆمەڵێک زەمینەی کارکردنیان زیاتر بۆ ڕەخساوە لەکۆمەڵێکیتر یا کۆمەڵێکیان ئاستی کارکردنیان نزیکە لە کۆمەڵەیەکی تر، ئەم دوانەیان نایەن بەیەکەوە دانیشن و قسە بکەن و سوود لەیەکتر وەربگرن دێن توانج و ڕەخنەی بێ بنەما لەکارەکانی یەکتر دەگرن. هیوادارم شانۆکاران هەر هەموو پێداچوونەوەیەکی سادە بەخۆیاندا بکەن و خۆیان لەو گوناهەی دەرهەق بە شانۆ دەکرێ پاکبکەنەوە.

# چۆن لەگەڵ شانۆ ئاشنا بووم ؟!



**خەلیل بابە کەریم**



لە ساڵانی پەنجاكانی سەدەی رابردوو، كە ئەوكات منداڵێكی هەرزەكار بووم، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم كە ئێستا پێ ی دەگوترێ بنەڕەتی، ساڵانە لە كاتی بەهاران نمایشی وەرزشی لە زۆربەی زۆری شار و شارۆچكەكان ئەنجام دەدرا شارۆچكەی گوێریش بەهەمان شێوە ئەم چالاكیەی ئەنجام دەدا، ساڵی 1953ز لەم شارە دیێەی گوێریش دەسپێكی نمایش ماموستا عەبدولوەهاب ئیسماعیل یادی بەخێر كە مامۆستای زانیاریمان بوو كە ئەوكات پێ ی دەگوترا (ئەشیاوحمە) ڕۆژێكیان من و هاورێیەكمی بانگ كرد كە ناوی عەبدولكەریم حاجی عەوڵایە ئێستاكە لە هەولێرە خوا تەمەنی درێژ بكا، مامۆستا عەبدولوەهاب گوتی دەمانەوێ لەم نمایشە چیرۆكێكی نەسیلی پێشكەش بە ئامادەبوان بكەین چیرۆكێكی سادە و ساكار منی كرد بە جوتیار، كاك عەبدولكەریم بە شوان لەگەڵ چەند قوتابیەكی بچووك ببنە مێگالە مەڕ، جوتیار یاخود خاوەن دەغل و دان لە كاتی بەهاران سەر لە دەغلەكەی دەدا بە سەوزایی و گەشەكردنی زۆر دلخۆش دەبێ، لە كەیفان گۆرانی دەڵێ منیش ئەوكات گۆرانی هەی ناز هەی ناز خانم ناز مەكە دوو دڵ بە جارێ گرفتار مەكەم گوت كە بەم دواییە ئومێد باڵەبان لەسەربانی باڵەخانەی بازاری نیشتیمان تۆماری كرد، پاش ئەوەی ئەم گۆرانیەم گوت سەیری ئەولاو ئەم لام كرد بینم شوانێك مەڕی لە دەغلەكەم كردووە، ئیدی بووە دەمەقاڵێ لە نێوانمان، شوانەكە و مەڕەكەم دەركرد، چیرۆكی ساكار بوو بەڵام توانیمان بە چاكی ئەنجامی بدەین كە بووە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبوان، ئەم چیرۆكە هەر لە یادم ما، پاشتر لە چاخانەكانی گوێر لەگەڵ هاورێكانی هاوتەمەنی خۆم دادەنیشتم لە ئێزگەی بەغدا ڕۆژانە چیرۆكی تەمسیلی كۆمەڵایەتی و كاریكاتێری پێشكەش دەكرا لە دەرهێنانی عەبدوللا عەزاوی، وا كەوتەوە كە زیاتر حەزم لە نواندن بێ بەڵام بە داخەوە ئەوكات باری ئابووری و كۆمەڵایەتی و لە لایەك بەردەوام بوونم لە خوێندن لە گوێر و هەولێر و موسل ئەو دەرفەتەم نەبوو ئەو حەزەی خۆم تێر بكەم ئەگەر چی ئەوكات هیچ تیپێكی فەرمی نەبوو، ئەگەر ئەو چالاكیە هەبوایە ئەوا لە قوتابخانەكان دەكرا، كە بوومە مامۆستاش لە دێ دامەزرام پاش چەند ساڵێك كە هاتمە هەولێر، یەكسەر پەیوەندیم بە هونەرمەند تەلعەت سامان و گرووپەكەی كرد كە بریتیبوو لە سابیر عەبدولرەحمان، چەتو حەسەن، پەیمان بەگۆك، شەوقیە شەوكەت، ئەمیر رەفعەت، حاجی مەجید نەجم، ئەكرەم خامۆش، سەردار مەجید، عەبدولواحید هیدایەت، سەربەست سالم میران، شێرزاد پۆلیس و چەند كەسێكیتر، ئەو گرووپە لە تیپی هونەری هەولێر بوون واتە ئەندامی ئەم تیپە بوون، ئەو كاتی هونەرمەند سەباح عەبدولرەحمان ئەویش گرووپی تایبەتی خۆی هەبوو كە بریتیبوون لە رەحمەتی جەلال بەیار، سوسحب كۆیی، سەلام كۆیی، فەیسەل حمد سالح، هوشیار سەید ئەحمەد، عەبدولرەزاق شەمسەدین، رەسمی جەلال، عەلی ئەحمەد ئەنوەر شێخانی، فایق وەلی و



چەند کەسێکیتر ئەم تیپەی کاک سەباح سەر بە یەکێتی مامۆستایان بوو کە بارەگاکەی لە شوێنی ئێستای سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان بەرامبەر دەزگای شەهید بوو، ئەم دوو تیپ و گرووپە زۆر چەلاک بوون موونافەسەکی شەریف لە نێوانیان دا هەبوو ساڵانە هەریەک لەوانە چەند شانۆگەریەکی پێشکەش دەکرد جگە لەوەی ئەم شانۆیانە هەندێکیان تۆمار دەکران بۆ تیڤی کەرکوک لە ڕێگای تەلەفزیۆنی بەغدا، یاخود کاری درامیان ئامادە دەکرد و تۆماریان دەکرد، ئەوکاتی خۆشەویستیەکی زۆر لە نێوان شانۆکاران هەبوو لە سەرەتای حەفتاکان . زۆر تەبا بوون لەگەڵ یەک، لە هەمان کاتیشدا خۆشەویستی و پەیوەندیەکی توند و تۆڵیان بەکاری شانۆیی هەبوو ڕێزگرتن لە یەک و لە دەرهێنەر، بۆ مەشق پرۆڤەکردن ئیلتزامێکی ئەخلافی هەبوو کەس مەگەر بە دەگمەن ئەگەر لە پرۆڤە دوابکەوتایە کەچی ئەوکات کەس وەک ئێستا ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی نەبوو ئینجا ئێستا لە کاتی پرۆڤەکردن ڕۆژ نیە لە مەشق کردن دوانەکەوێ لەسەر هەندێ ئەکتەر !!! ئێمە گرووپی تەلعەت سامان حەزمان دەکرد تیپێکی شانۆیی سەر بە خۆمان هەبێ چونکە تیپی هونەری هەولێر زیاتر گرینگی بە گۆرانی و مۆسیقا دەدا زۆر ئەکتیف بوو لەم لایەنە کێ برکێ ی لەگەڵ تیپی باواجی کۆیی و مۆسیقای سلیمانی دەکرد، بەڵام دامەزراندنی تیپی شانۆیی ئەوەندە ئاسان نەبوو، مۆڵەت ئەستەم بوو چونکە دەبوایە بەلایی کەم پێنج کەس بروانامەی هونەریان هەبێ خزمەتیشیان لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ، بۆیە ئەو گرووپە لە ڕێگای مستەفا رابەر و محەمەد مەولود مەم توانیان لە

1972/7/13 لقی کۆمەڵەی هونەر و ویژەیی کوردی بکەنەوە، وەبوو پاش ئەوە هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان و گرووپەکەی گەڕانەوە تیپی هونەری هەولێر، ئەم دوو گرووپە زۆر چالاک بوون و ئەکتیڤ بوون چەندین کاری شانۆییان ئەنجام دا، لەوانە کاک تەلعەت سامان، خەملی پەمۆ، خالۆی ڕێبوار، پیلان و چەند کارێکی گرینگی ئەنجام دا، کاک سەباح مارەیی و مەسەلەی شارێک، چلپاوی ئەنجام دا، لە ناوەراستی حەفتاکان هونەرمەند سەعدون یونس گەڕایەوە هەولێر، بینی لە هەولێر دوو کۆڵەگەی شانۆیی هەیە تەلعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان خوازیار بوو لەم نێوەندە شوێن پێ ی خۆی بکاتەوە، بە چوستی هاتە بوارەکە هەر زوو چەند هونەرمەندێکی لەخۆ کۆکردەوە توانی بە زووترین کات (چیرۆکەکانی مام سمایل) ئەنجام بدا کە لە نووسینی عادل کازم بوو بەناوی (حیکایات ابو الورد) دواتر خۆتان بگرن هات لە نووسینی محیەدین زەنگەنە و ئامادە و وەرگێرانی بەندەی موخلیس بوو، پاشان ماڵی نوێ، بەم جۆرە وای لێهات گرووپی تایبەت نەما، ئەکتەرەکان بۆ هەر سێ لا پەلیان داویشت، هەرگیز و بەردەوام هۆڵی گەل دەرگای لەسەر پشت بوو، شانۆگەری نمایش بەردەوام بوو، جەماوەرێکی زۆر ڕووی لە شانۆ دەکرد لەسەر هەموو ئاستێک نوصبە نەبوو ئەو ڕەوشە سیاسیە و کرانەوە پاش بەیانی 11ی ئادار ئەو کەش و هەوایەی دروست کرد، گەلێک جار جەماوەر دەرگای هۆڵیان بە زۆر دەکردەوە یا دەیانشکاند، تاکو ساڵی 1980، ئەوکات تیپی هونەری هەولێر کە سەر بە دەزگای سینەما و شانۆی بەغدا دامەزرا، کە چالاکیەکەی دوو فاقە بوو، هونەرە میلیەکان مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەرکێ کە تاکو ئێستا بەردەوامە، هەروەها هونەری شانۆیی کە بۆ ئەم مەبەستە هونەرمەند موحسین عەزاوی چەند جارێک هاتە هەولێر، ئەوکات پێش ماوەیەک تیپی کرێکاران و تیپی شانۆی لادێ و تیپی ڕۆشنبیری جەماوەر هەبووکە فەرمانبەری ئەم شوێنانە نواندنیان دەکرد، هەر جارەو دەرهێنەرێک کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجام دەدان، هەروەها لە ناوەراستی حەفتاکان تیپی هونەری نوێ دەمەزرا بەڵام زۆری نەبرد ئەم تیپە لەبەر ئەوەی زیاتر تیپێکی ئایدولۆژی بوو بەردەوامی نەبوو تیپی هونەری هەولێر ساڵی 1980 دامەزرا یەکەم بەڕێوەبەر هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان بوو، تاکو هونەرمەند سەفوەت لە بەغدا گەڕایەوە سەرۆکایەتی ئەم تیپە فەرمیەی وەرگرت، لەم تیپە یەکەم شانۆگەری هەبوو نەبوو پێشکەش کرا لە نووسینی قاسم محەمەد و وەرگێرانی عومەر شێخەڵلە دەشتەکی و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، ئەم شانۆگەریە لە کاتی نمایش کردنی دەنگی دایەوە، لە هەولێر و لە بەغدا فیستیڤاڵی شانۆیی یەکەم دەرچوو پاش ئەوە بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکرا، کە ئێستاش هەندێ تیڤی ماوە ماوە نیشانی دەدەن، پاش ئەوە محەمەد و سێوی لە دەرهێنانی سەعدون بون نمایش کرا، دواتر لاس و خەزاڵ لە دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان نمایش کرا، ئەم شانۆگەریە هونەرمەند ناسر حەسەن یەکەم جار بوو لە دەرەوەی ستۆدیۆ لە گوندی سێوەکە و ئۆحنەرو، شێراوە وێنەی بۆ گیرا، ئەگەرچی ئەکتەرەکەی سەرەکی کە موژدە جەلال جۆبار بوو پاش وێنەگرتنی چەند دیمەنێک خۆی لە کارەکە کێشایەوە، خێزانی نووسەری ئەم چیرۆکە نازم دلبەند خاتوو رووپاک عەبدولقادر ڕۆلی خەزالی بینی بە داخەوە جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیان هەبوو لە نواندندا، ئەم تیپە بەردەوام بوو لە چالاکی زۆربەی زۆری دەرهێنەرەکان کاریان بۆ ئەم تیپە ئەنجام داوە لەوانە زوهیر، لەتیف نعمان، سەفوەت جەراح خۆی کە راوچی و سورمەخانی دەرهێنا، هاشم زەینەل، تەحسین شەجارن، ئەم چالاکیانە بەردەوام بوون تاکو ڕاپەڕین، دەتوانم بلێم ئەم تیپە غەلەبەی کرد راستە تیپ و کۆمەلە و گرووپەکانی دی چالاکیان هەبوو بەڵام لە ئاستی ئەم تیپە نەبوو چونکە تیپێکی فەرمی بوو، بووجە و دەرخستەی خۆی هەبوو، جگە لەم تیپانەی هەولێر زۆرجاران هونەرمەندان لە سلێمانی شانۆگەریان لە هەولێر پێشکەش دەکرد، لەوانە ئەحمەد سالار لە ساڵی 1972 پیسکەی تەرپیری لە هۆڵی گەل نمایش کرد، جەلیل زەنگەنە دوو شانۆیی بە پێزی لە هەولێر نماش کرد مانگی ئاوابوو، هاوارێکی تاسا و تەمن دەرگای هۆڵیان داخست و نمایشەکەیان ڕاگرت، ئەم شانۆگەریانەی هەولێر و چ ئەوانەی دەرەکی هەموو جۆرەها ئاستیان هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکەکە بە پەرۆشەوە پێشوازیان لێی دەکرد جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئەم نمایشانە دەبوون، پاش راپەرین شانۆ ئەو درەوشاوەییەی نەما ئەگەر چی هەندێ گەنج هەوڵیان دا برەو بەم چالاکیە مرۆڤایەتیە بدەن لەوانە هونەرمەندان هیوا

سوعاد، موئەیەد خەف، مەهدی حەسەن، سەدیق حوسین، ژیلوان تاهیر، کرمانج مستەفا، ئەرسەلان دەرویش، هەندێ کاری جوان پێشکەش کرا، بە داخەوە هەندێ گەنج بەناوی ئەزمون گەری و نوێ خوازی گەلێک کاری کرچ و کاڵیان پێشکەش کرد بینەریان لە شانۆ تۆراند، ئێستاش بزاڤی شانۆیی بەردەوامە چەندین تیپی شانۆیی لەم شارە هەیە ساڵێ شانۆگەریەک پشکەش ناکەن ئەگەر لێیان بپرسی هەزار و یەک بیانووت بۆ دەبیننەوە ئەوەی چالاک و بەردەوامە تەنیا بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆیە ئەویش بەهۆی دلسۆزی هونەرمەند هیوا سوعاد . ئەگەر بووجە و دەرخستە هەبێ بەردەوام کاری شانۆیی ئەنجام دەدرێ لەسەر هەموو ئاستێک باش و ناوەندی و خراپ کە دەلێم خراپ لەبەر ئەوەی رێگا بە هەموو کەس دەدا شانسی خۆیان تاقی بکەنەوە لە نمایش کردن بۆیە هەندێ کار زۆر کرچ و کاڵ دەردەچێ و لە ئاستی پێویست نیە، ئەم بەرێوەبەرایەتیە تاکو ئێستا چەندین ڤیستیڤالی لۆکاڵی و نیۆدەولەتی ئەنجامداوە بۆ منداڵان، گەنجان، ئەوە لە ماوەی دوو ساڵ دوو ڤیستیڤاڵی نێودەولەتی لە هەولێری پایتەخت ئەنجام بدرێ بە دەیان تیپ و گروپی ئەوروپایی و بیانی بەشداری لەم کەرنەڤاڵە دەکەن کە ئەمە فەخر و شانازیە لە لایەک بۆ شانۆکارانی هەولێر و هەروەها بۆ شاری قەڵا و منارە کە خەڵکێکی زۆر بە شارەکەمان و هونەرەکەمان ئاشنا دەبێ هەر لەناو بازنەی تەسک ناخولێینەوە تەنیا شانۆگەری بۆ چەند کەسانێکی سنوردار پێشکەش بکەین، یا هونەرمەندانی شانۆکار هیچ ئەزمونەکی لایدە بەدی نەکەن بەراستی ئەم هەنگاوە شوێنی خۆیەتی و پڕ بە پیستی تی دەست خۆشی لە بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ و بەرێوەبەرەکەی دەکەین، هەروەها دەست خۆشی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەکەین بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزە، زۆرجار ئەوەم خستیتە روو پێویستە لایەنی پەیوەندی دار، بە تایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان مشورێک لەم تیپانە بخوات بپرسی لەبەرچی چالاکی شانۆییان نیە، یا ئەوەتا چەند تیپێک بکرێتە یەک تیپ یا نەخشەیەکی رێگایان بۆ دابندرێ چونکە هەر ئەم تیپانە بوون سەردەمانێک ئەکتیڤ بوون شاکاریان پێشکەشی جەماوەر دەکرد، هەروەها چاکترین ئەکتەر و هونەرمەندی بە توانا لە خۆ دەگرن .

